Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10332

# بەبازاڕکردنی بازرگانی لەفەیسبوکداو ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەزموونی ریکلامکردنی کۆمپانیا بازرگانییەکان لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا

**عەدالەت عەبدوڵا محەمەد[١]، نەزاکەت حسێن حەمە سەعید[٢]**

١- بەشی دیجیتاڵ میدیا، پەیمانگای تەکنیکیی کوردستان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان, زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بەبازاڕکردنی بازرگانییە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکداو ئەو ڕەنگدانەوەیەی کە لەسەر ئەزموونی ریکلامکردنی کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا هەیەتی. ئامانجی توێژینەوەکە زانینی دیدو ئەزموونی ئەو کۆمپانیایانەیە سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی بەبازاڕکردنی بازرگانی لەفەیسبوکدا، ئاشنابوونیش بە ڕێکاریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەردەوامبوونی ریکلامی کۆمپانیاکان لە کەناڵەکانیانداو زانینی بژاردەی گونجاوی کۆمپانیا بازرگانییەکان بۆ بەبازاڕکردن لەنێوان فەیسبوك و کەناڵە ئاسمانییەکاندا. توێژینەوەکە لەجۆری وەسفییەو ڕێبازەکەشی ڕووپێوکردنی ڕای جەماوەرێکی پسپۆرە، کۆمەڵگەی تویژینەوەکە کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستانەو مشتەی توێژینەوەکەش ڕێپێدراوی(9)نۆ کۆمپانیای بازرگانییە کە هەریەکە لە کۆمپانیاکانی ئاسیاسێل، کۆڕەك تلیکۆم، قەیوان، دیوان، بەمۆ،ئاوی سلێمانی، نەورەس، سەفرە، دۆلفین C-ن. ئامرازی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییش لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە سەرنجدان و چاوپێکەوتنی زانستی.

گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێیان گەیشتووە ئەوەیە کە، کۆمپانیا بازرگانییەکانی مشتەی توێژینەوەکە هاودیدن لەوەی کە بەبازاڕکردنی بازرگانی لەفەیسبوکدا بۆتە دیاردەو زیادی کردووە، بگرە جەماوەرێکی کارای هەیەو ئامرازێکی کارلێککارو گرنگی بەبازاڕکردنەو کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هەیە کە سوودیان لێ وەرگرتووە، هاوکات دڵەڕاوکێی بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان دروستکردووە، کەناڵە ئاسمانییەکانیش چەند ڕێکارێکیان گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان لە ریکلامکردن لەگەڵیاندا بەردەوامبن، لەوانە ریکلامکردن بە شێوازی قیست، هەلی داشکاندن، زیادکردنی جارەکانی دووبارەبوونەوەی ریکلام.

***Article Info***

Received: April, 2023

Revised: April, 2023

Accepted: May 2023

***Keywords***

بەبازاڕکردن، فەیسبوك، ریکلام، کەناڵی ئاسمانی، کۆمپانیای بازرگانی

***Corresponding Author***

adalat.muhamad@kti.edo.iq

Nazakat.hamasaeed@univisul.edu.iq

**پێشەکی:**

بەهۆی پەرەسەندنی میدیای نوێ New Media و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دەرفەتێکی بەرچاو بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان لەسەرتاسەری جیهاندا هەڵکەتووە بۆ ئەوەی بەبازاڕکردنی بازرگانی بەشێوازی بەرفراوانترو بەجیهانیبووتر Globalized و کاریگەرتر ئەنجام بدەن. ئەم دەسکەوتە بۆتە جێی چاودێریی میدیای نەریتی Traditional media و بەتایبەتیش کەناڵە ئاسمانییەکان، لەرووی بەبازاڕکردنیشەوە وا دەردەکەوێت کە بیەوێت کێبەرکێی میدیای نەریتی بکات، بە زۆریش کەناڵە ئاسمانییەکان کە زۆرجار وەك ئامرازە کاریگەرەکەی ئەم میدیایە لەقەڵەم دەدرێت.

لەگەڵ سەرهەڵدانی پلاتفۆرمێکی وەك فەیسبوکدا، توێژینەوە لەسەر کاریگەرییە جیاجیاکانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە دەکرێت. لە بەشی توێژینەوەکانی پێشوو-ی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر ئاماژەی بە چەند نموونەیەك کردووە، بوارێکی ئەو کاریگەرییانەش بریتییە لە بەبازاڕکردنی بازرگانی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو بەشە لەداهاتی کەناڵە ئاسمانییەکان کە لەرێگەی ریکلامکردن بۆ بەرهەمی کۆمپانیا بازرگانییەکانەوە بەدەستی

دەهێنن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ زانینی پێدراوی نوێی ئەم بابەتــە لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەزموونی هــەرێمی کوردســتان. توێژینەوەکە دابەش بووە بۆ سەر سێ بەش، بەشی یەکەمیان خستنەڕوی لایەنی میتۆدنامەی توێژینەوەکەو توژینەوەکانی پێشــووە، بــەشی دووەمیــان لایــەنی تیۆرییــە کــە تایبەتــە بــە بەبازاڕکردنی کۆمپانیاکان لە فەیسبوك و ریکلامکردن لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا، بەشی سێیەمیش پەیوەستە بەلایەنی کرداریی توێژینەوەکــەو ئەنجامەکانــەوە، دواتــریش خســتنەڕووی دەرەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیازەکان.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

**1- کێشــەو پرســیارەکانی توێژینــەوە:** کێشــەی ئــەم توێژینەوەیــە لــەپرســیارێکی ســەرەکیدا کۆکراوەتــەوە، ئایا بەبازاڕکردنی بازرگانی لەتۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکدا، چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر ئەزموونی مامەڵەکردنی کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکانی هەرێمدا هەیە، بەدیاریکراویش لــە رووی ریکلامکردنەوە؟، پرسیارەکەش ورد کراوەتەوەو لە چەند لقە پرسیارێکدا دارێژراوە کە ئەمانەن:

أ. ئایا کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان چ دیدێکیان بۆ بەبازاڕکردنی بازرگانیی لە فەیسبوك و تایبەتمەندییەکانی هەیە؟

ب. بەبۆنــەی دیــاردەی بــەبازاڕکردنی بازرگانییــەوە لــەتۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکدا، ئەزموونی کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری ریکلامکردندا لەگەڵ کەناڵە ئاسمانییەکاندا، چۆنە؟

ج. بە پێی ئەزموونی کۆمپانیا بازرگانییەکان لەگەڵیاندا، کەناڵە ئاســمانییە کوردییــەکان چ رێکارییــەکیان لەبەرامبــەر کۆمپانیاکانــدا گرتۆتەبــەر بــۆ ئــەوەی بــەبازاڕکردنیان لەگەڵیاندا، بەردەوام بێت؟

د. لــە بــواری بــەبازاڕکردنی بازرگانیدا کام ئــامراز بــۆ کۆمپانیا بازرگانییــەکان گونجــاوترە، تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان، یان کەناڵە ئاسمانییەکان؟

**2- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

أ. تێگەیشــتن لــە دیــدی کۆمپانیــا بازرگانییــەکانی هــەرێمی کوردســتان ســەبارەت بــە پــرسی بــەبازاڕکردنی بازرگانی لــە فەیسبوك و تایبەتمەندییەکانی.

ب. زانیــنی ئــەزموونی ریکلامکردنیــان لــە کەناڵــە ئاســمانییە هەواڵییــەکانی هــەرێمی کوردســتاندا لــە ســایەی دیــاردەی بەبازاڕکردنی بازرگانی لە فەیسبوك.

ج. ئاشنابوون بەو رێکارییانەی کە لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانــەوە لەبەرامبــەر کۆمپانیــا بازرگانییەکانــدا گیراونەتەبــەر بــۆ ئــەوەی بــەبازاڕکردن و ریکلامیــان لــەو کەناڵانە بەردەوام بێت.

د. زانیــنی ئــەزموونی کۆمپانیــا بازرگانییــەکان ســەبارەت بــە هەڵبژاردنی بژاردەی گونجاویان لەنێوان کەناڵە ئاسمانییە کوردییــەکان و تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان و لەســەروبیانەوە فەیسبوك، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بەبازاڕکردنی بازرگانی.

**3- گرنگییەکانی توێژینەوە:**

أ. لە رووی زانستییەوە: دەبێتە سەرچاوەیەکی نوێ لە ریزی ئەو توێژینــەوە زانســتییانەدا لــە کتێبخانــەی کــوردی کــە تــۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوك وەك ئامرازێکی بەبازاڕکردن دەناسێنن، بەتایبەتی بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان.

ب. لەرووی کردارییەوە: هانی کۆمپانیاکان دەدات کە کار لەسەر توێژینــەوە زانســتییەکان بکــەن بــۆ گۆڕانکاریکردن لــە پــلان و بەرنامــەی بــەبازاڕکردنی بازرگانییان لــە تۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان و کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

**4- جــۆرو رێبــازی توێژینــەوە:** جــۆری توێژینەوەکــە وەسفییەو، رێبازی توێژینەوەکەش رووپێوی-یە، توێژەر رووپێــوی دیــدی جــەماوەرێکی شــارەزاو پەیوەندیــداری کــردووە کــە رێپێــدراوی چەنــد کۆمپانیایــەکی بازرگــانیی هەرێمی کوردستانن.

**5- بوارەکانی توێژینەوە:**

أ- بــواری مــرۆیی: بریتییــە لــە چەنــد شــارەزایەکی بــواری بــەبازاڕکردن لــە کۆمپانیــا بارزگانییــەکانی هــەرێمی کوردستاندا.

ب- بــواری بابەت:لــەبارەی بــەبازاڕکردنی بازرگانییــە لەفەیسبوکداو ڕەنگدانــەوەی لەســەر ئــەزموونی کۆمپانیا بازرگانییەکان.

ت- بــواری کــات: لەئــەیلولی (2021)ەوە تــا تشرــینی دووەمی (2022) کــە مــاوەی جێبــەجێکردنی لایــەنی مەیــدانی توێژنەوەکەیە.

ث- بواری شوێن: ئەو کۆمپانیا بازرگانییانەی هەرێم دەگرێتەوە کە ئۆفیسی سەرەکی، یان لقێکیان لە پارێزگای سلێمانییە.

**6- کۆمەڵگەو مشتەی توێژینەوە:**

أ. کۆمەڵگەی توێژینەوە: شارەزایانی بەبازاڕکردن و ریکلام لەو کۆمپانیا بازرگانییانــەی هەرێمــدا کــە لەیەککاتــدا لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان و کەناڵــە ئاســمانییە کوردییــەکانی هەرێمیشدا بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمەکانیان دەکەن.

ب. مشــتەی توێژینــەوە: لەبــەر ئــەوەی ژمــارەی ئــەو جــۆرە کۆمپانیایانە کە لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا دیاریکراون، زۆرن، بۆیــە شــارەزایانی بــواری بــەبازاڕکردن و ریکــلامی تەنها(9)کۆمپانیای بازرگانی بە مشتە وەرگیراون کە بریتین

لـە کۆمپانیاکـانی ئاسیاسـێل، کـۆرەك تلیکـۆم، قـەیوان، دیوان، بەمۆ، ئالا(ئاوی سلێمانی)، تامی خۆش(نەورەس)، سـەفەرە، دۆلفـین C. مشـتەکەش لـە جـۆری مەبەستدارە(Purposive sampling)،چونکە بەپێی بەدواداچوونی تـوێژەر خـۆی و ئـەو زانیاریانـەش کـە لـە کەناڵە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستانەوە وەریگرتوون، ئـەو(9)نـۆ کۆمپانیایـە، لـە سـنوری کـاتی توێژینەوەکەدا،لەهەموو کۆمپانیاکانی تر زیاتر بەبازاڕکردن و ریکلامکردنیان بۆ کاڵاکانیان، ئەنجامداوە.

**7- ئامرازەکانی توێژینەوە:**

أ. چاوپێکـەوتی زانسـتی: لـەم توێژینەوەیـەدا، جـۆری چاوپێکـەوتنی رێکخـراو Structured Interview هـەڵبژێردراوە، لـەم جـۆرە چاوپێکەوتنانـەدا تـوێژەر پـێش ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە لیستێك پرسیار ئامادە دەکات و لەهـەموو چاوپێکەوتنێکـدا هـەمان پرسـیار دەکاتـەوەو زۆرجار بەهەمان زنجیرەش. ئەو پرسیارانە کە لـەم جـۆرە چاوپێکەوتنانـەدا دەخرێنـەروو، دەکرێـت کۆتاییـەکی داخراویـان هـەبێت، دەشـکرێت کۆتاییـەکی کراوەیـان هەبێت، ئەم جۆرە لە چاوپێکەوتن ئەو ئاسانکارییەش بۆ توێژەر دەکات کە هەندێ لە داتاکانی و شیکردنەوەیان بە شـێوەیەکی ئاماریانـە بخاتـەڕوو. (نجـم، 2015، 314-أسماعيل، 2117، ١٢١).

ب. سەرنجدان(الملاحظة):توێژەر پشتی بە سەرنجدانی وردی زانستیش بەستووەو نـاوی یـەك بـە یـەکی ئـەو کۆمپانیـا بازرگانیانـەی پشـکنیوە کـە لـە مـاوەی مـێژوویی توێژینەوەکەدا ریکلامیان لەکەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستاندا کردووە، ئەویش بە تەرخانکردنی کات و سەیرکردنی رۆژانەی ئەو کەناڵانەو ئەو ریکلامانەی کە بۆ بەرهـەمی کۆمپانیاکانی جـێی ئـەم توێژینەوەیەیان کـردووە، هـەروەها سـەرنجدان لە رادەی بوونی ریکلامی کۆمپانیاکان لـەو کەناڵانـەداو بـەراوردکردنیان بـەو زانیاریانـەی کـە لـە کەناڵـە ئاسـمانییەکانی وەرگرتـووە لـەبارەی ریکـلامی کۆمپانیاکانەوەو تۆمارکردنی تەواوی سەرنجەکان.

**8- راستی رواڵـەتی و جێگیریی فۆرمی چاوپێکـەوتن:** بە مەبەسـتی دەرهێنـانی راسـتیی رواڵـەتیی بـۆ فـۆرمی چاوپێکەوتنەکـە، تـوێژەر دوای دارشـتنی تـەوەرو پرسیارەکانی ناوی، فۆرمەکەی خستە بەردەستی لیژنەیەکی پسپۆری(7)حەوت کەسی(*) بەمەبەستی داوەریکردنیان لەسەر رادەی گونجانی فۆرمەکە. دوای هەڵسەنگاندن، هەموو تێبینییەکانی پسپۆران رەچاوکران و دەستکاریی پێویست لە پرسیارەکانی فۆرمی چاوپێکەوتنەکەدا کراو گۆڕانکارییەکی کەم لەفۆرمەکەدا ئەنجامدراو لەرووی ئامارییەوە رادەی راستاندنەکە دەرهێنرا کە رێژەکەی گەیشتە(98،63%)، ئەمەش لە باری زانستییەوە، رێژەیەکی بەهێزە.

بۆ جێگیری فۆرمی چاوپێکەوتنەکەش، دوای مانگێك، توێژەر پەیوەندیی بە رێژەی(20%)ی مشتەی توێژینەوەکەیەوە کرد بۆ ئەوەی بزانێت کە هەر سەرنج و زیادکردنێکی تازەیان بۆ وەڵامەکانیان هەبێت، لە ئەنجامدا جەختیان لەسەر وەڵامەکانی خۆیان بێ هیچ گۆڕانکارییەك کردەوە، بەو رێکارەش جێگیری فۆرمی توێژینەوەکە ساغ بووەوە.

**9- هاوکێشەی ئاماری بەکارهاتووی توێژینەوەکە:** بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە، هاوکێشەی دووبارەبوونەوەو رێژەی سەدی بەکار هاتووە.

**10- توێژینەوەکانی پێشوو و سوود لێ وەرگرتنیان:** بۆ زانینی شێوازی کارکردنیان و میتۆدی بەکارهێنراویان و رادەی نزیکییان لەم توێژینەوەیەو سوودوەرگرتن لە داتاو زانیاری و ئەنجامەکانیان، توێژەر چەندین توێژینەوەی پێشووی خوێندۆتەوە، لێرەدا سێ لەو توێژینەوانە دەخاتەڕوو کە یەکێکیان کوردستانییەو ئەویتریان عەرەبییەو سێیەمیشیان بیانی.

أ) توێژینەوەیەکی کوردستانی: توێژینەوەی کریم، (2016ز)، (إتجاهات الجمهور نحو الإعلان التلفزيوني في القنوات الفضائية الكوردية بإقليم كوردستان العراق) :

(*) ناوی شارەزایان و پسپۆران کە هەڵسەنگاندنیان بۆ فۆرمی چاوپێکەوتنەکە کردووە:

1) پ.د.یونس عەلی ئەحمەد، ئابووری، سەرۆکی بەشی ئابووری، کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری، زانکۆی سلێمانی.
2) پ.د.سەلام نەسرەدین محەمەد، راگەیاندن، -TV، پسپۆری ریکلام، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
3) پ.د.عومەر رەمەزان ئەحمەد، راگەیاندن، رۆژنامەو میدیای ئەلکترۆنی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
4) پ.ی.د.بەهائەدین ئەحمەد، راگەیاندن، پەیوەندییە گشتییەکان و ریکلام، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
5) پ.ی.د.پاڤێ جەمیل ئەحمەد، راگەیاندن، رۆژنامە،راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
6) پ.ی.د.رێبەر گۆران، راگەیاندن، TV، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
7) پ.ی. د.کاروان عەلی، راگەیاندن، رۆژنامە، سەرۆکی بەشی بەبازاڕکردن، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

کێشەی توێژینەوەی کەریم تایبەتە بە ئاراستەکانی جەماوەر بۆ ریکلامی تەلەفزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا. ئامانجەکەی زانینی ئاراستەی جەماوەرە بۆ بینینی ریکلامی تەلەفزیۆنی لەکەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان و رادەی بایەخدانیان بە سەیرکردنی ریکلام و ئەو ئامرازانەی راگەیاندن کە بە بەباشی دەزانن بۆ ریکلامکردن، لەگەڵ رادەی بڕوای جەماوەر بەوەی کە ریکلامی تەلەفزیۆنی نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بەرز دەکاتەوەو، رۆڵی ریکلام لە بڕیاری جەماوەر لەوەی کاڵایەك یان خزمەتگوزارییەك بە باشتر بزانن لە هی تر، هاوکات هۆکاری سەیرکردنی ریکلامی تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەلایەن جەماوەرەوەو، بیروڕایان لەبارەی ئەو کاتەی کە ریکلامی تێدا پێشکەش بکرێت و، ئەندازەی پابەندبوونی ریکلامە تەلەفزیۆنییەکان بە بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و بایەخی دووبارەبوونەوەی ریکلامە تەلەفزیۆنییەکان و زانینی ئەو فاکتەرانەی کە جەماوەر بە کاریگەریان دەزانن بە راکێشانی سەرنجیان و بە یاد هاتنەوەی ریکلامەکان.

توێژینەوەکە لە توێژینەوە وەسفییەکانەو میتۆدی توێژینەوەکە رووپێوییە لەرێگەی وەرگرتنی مشتەوە، گرنگترین ئەو دەرەنجامانەش کە پێی گەیشتووە، ئەمانەی خوارەوەیە:

- 78.8%ی بەرتوێژان سەیری ریکلامی کەناڵە ئاسمانییەکان دەکەن و 24.2%یان سەیریان ناکەن.
- 75.3% لە بەرتوێژان سوود لە بینینی ریکلامەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبینن و 24.7%یان سوودیان لێ نابینن.
- 43.1%ی بەرتوێژان پێیانوایە کە دووبارەبوونەوەی ریکلامەکان لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بێزاری دروستکردووەو، 7.6%یان پێیانوایە بە دەگمەن ئەبنە هۆی بێزاری.

سەبارەت بە رادەی سوودوەرگرتنی توێژەر لە توێژینەوەی کەریم، توێژەر سوودی لە میتۆدنامەکە وەرگرتووە، بەدیاریکراویش بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکەو جۆرەکەی کە وەسفییەو رێبازەکەشی کە رووپێوییە، لەم رووانەدا خاڵی هاوبەش لەگەڵ توێژینەوەکەی کەریمدا هەیە، بەتایبەتی کە گۆڕاوێکی توێژینەوەکەی تایبەتە بە ریکلام لەکەناڵە ئاسمانییەکاندا.

ب) توێژینەوەیەکی عەرەبی: توێژینەوەی زین الدین،(2018ز)،(إتجاهات الشباب الجامعي نحو إعلانات شركات الهاتف المحمول في مواقع التواصل الاجتماعي- الفيس بوك إنموذجا):

کێشەی ئەم توێژینەوەیە راوەستانە لەسەر(دیاریکردنی ئاراستەکانی گەنجانی زانکۆ لە ئاست ریکلامی کۆمپانیاکانی مۆبایل لەتۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکدا).ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کە جۆری ئەو ریکلامانە دەستنیشان بکات کە ئەو کۆمپانیایانە لە فەیسبوکدا پێشکەشیان دەکەن، بشزانێت ئاخۆ بەرتوێژان پشت بە سەرچاوەکانی زانیاری دەبەستن لەو کاتەی کە بڕیاری کڕینی هاندێکی مۆبایل دەدەن، هاوکات ئامانجێتی ئەو پەیوەندییە پێك گرێدەرە(العلاقة الإتباطية) بزانێت کە لەنێوان بەرکەوتن بە ریکلامەکانی مۆبایل بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە فەیسبوك و نێوان بڕیاری کڕین و هەڵسەنگاندنی جێگرەوەکاندا هەیە. هەروەها زانینی جۆری ئەو کاڵاو خزمەتگوزارییانەی کە بەرتوێژان پەرۆشن بۆ چاودێریکردنی لەفەیسبوکدا.

ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوە وەسفییەکانەو میتۆدەکەشی رووپێوییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە خوێندکارانی کۆلێژی راگەیاندنی زانکۆی ئەلعێراقییەی لەخۆ گرتووە، توێژەر شێوازی قەتیسکردنی گشتگیر(الحصر الشامل)ی بەکارهێناوەو(334) بەرتوێژی هەڵبژاردووە کە فەیسبوك بەکاردەهێنن. دیارترین ئەو دەرەنجامانەش کە لەم توێژینەوەیەدا هاتوون، ئەمانەن:

- بە رێژەی(59.28%)ی بەتوێژان، هەندێجار بەرکەوتنیان هەیە بۆ ریکلامی کۆمپانیاکانی مۆبایل.
- لەبارەی تایبەتمەندییەکانی ریکلامەوە لە فەیسبوکی کۆمپانیاکانی مۆبایل، بەرتوێژان بە رێژەی(66.76%) ئارەزوو دەکەن کە ریکلامەکان شێوەیەکی تایبەتی لەخۆ بگرێت و بەخێرایی لەسەر هەژمارەکانیان بڵاوببێتەوە.
- سەبارەت بەو کاڵایانەی کە بەرتوێژان لە فەیسبوکدا لەهەر کاڵایەکی تر زیاتر پێیان باشە کە ببینن، بریتییە لەخستنەرووی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیاکانی مۆبایل، ئەوەش بە رێژەی(36.82).
- ژمارەیەکی زۆری بەرتوێژان کە رێژەکەی دەگاتە(84.13%)، ئەو ریکلامانەیان لە فەیسبوکی کۆمپانیاکاندا پێ باشە کە روونکردنەوەی زۆریان تیایە سەبارەت بەچۆنیەتی بەکارهێنانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان.
- ئاراستەیەکی ئەرێنی لای بەرتوێژان هەیە سەبارەت بە ریکلام لەفەیسبوکدا، ئەمەش وا دەکات ئەم جۆرەی ریکلام رۆڵێکی گرنگ لە رازیکردنیاندا بگێرێت بە کڕینی ئەو کاڵاو خزمەتگوزارییانەی کە ریکلامیان بۆ دەکرێت.

سەبارەت بە رادەی سوودوەرگرتنی توێژەر لە توێژینەوەکەی زین الدین، توێژینەوەکە لە هەردوو گۆڕاوی فیسبووك و ریکلامی کۆمپانیاکانەوە، زۆر لەم توێژینەوەیەوە نزیکە، خاڵی هاوبەشیش لەگەڵیدا جۆری توێژینەوەکەیە کە وەسفییەو رێبازەکەیەتی کە رووپێوییە. هاوکات سوود لە لایەنی تیۆریی توێژنەوەکەو هەندێك لە داتاو زانیارییەکانی، وەرگیراوە.

ج) توێژینەوەیەکی بیانی: توێژینەوەی ADEREMI،(2015) (Effectiveness of Facebook as an advertising medium among university students:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە فەیسبوك وەك ئامرازێك بۆ ریکلامکردن. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە، فەیسبووک تا چەند کاریگەرە وەک ئامرازێکی راگەیاندن بۆ ریکلامکردن لای خوێندکاری هەمەچەشنی کۆلێژی ئابووری و زانستە کارگێرییەکان لە زانکۆی Near East University لە باکوری قوبرس. ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی کاریگەرێتییەکانی ریکلامی فەیسبوکە، هاوکات زانینی ئەوەی تاچەند ریکلامی فەیسبووک کاریگەرە لەرووی بەڕێوەبردنی پەیوەندیی کڕیارو سەرقالکردنی کڕیاران و بەرزکردنەوەی ناوبانگیی براندەکان و، بنیاتنانی تایبەتمەندییەکانی براندو، ڕاگەیاندنی بەرهەمی نوێ،لەناو خوێندکارانی زانکۆشدا چەند بە گرنگ دەزانرێت بۆ بازاڕکردن.

توێژینەوەکە لەجۆری وەسفییەو لێکۆڵینەوەیە لەکەیس، سامپڵی توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی ناوبراوە کە پەیوەندییان گرتووە لەگەڵ ریکلامەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا، بەتایبەتی لە رێگەی مۆبایل و کۆمپیوتەرەکانیانەوە. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەتوێژینەوەکەدا فۆرمی راپرسییە کە بەسەر(250) خوێندکاری کۆلێژی ناوبراودا، دابەشکراوە.

گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێیان گەیشتووە، ئەمانەن:

- پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لە نێوان کاریگەریی ریکلامی فەیسبووک و ئەو سوودانەدا هەیە کە دەیانگەیەنێت.

- فەیسبووک یارمەتیدەرە لە وەسفکردن و بانگەشەکردن بۆ بەرهەمە نوێیەکان بە شێوەیەک کە وێنەی هێما بازرگانییەکان لە کۆی کولتوور و بازاڕەکاندا دروست دەکات یان برەو بە وێنەو نێوبانگیان دەدات.

- زۆر گرنگە کە بازرگانەکان لە فەیسبووک و ستراتیژییەکانی پشت بەکارهێنانی ریکلامی سۆشیال میدیا بۆ گەشەپێدانی کارەکانیان تێبگەن، بە تایبەتی ئەوانەی کە خوێندکارانی زانکۆ دەکەنە ئامانج.

سەبارەت بە ئەندازەی سوودوەرگرتنی توێژەر لە توێژینەوەکەی ADEREMI، خاڵی کۆکەرەوە بریتییە لە هەردوو گۆڕاوی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوك و ریکلام، لەم رووەوە، سوود لە لایەنی تیۆری و زانیارییەکانی وەرگیراوە، هاوکات جۆری توێژینەوەکەش کە وەسفییە.

### 11) زاراوەکانی توێژینەوە:

أ. بەبازاڕکردن: بەبازاڕکردن بریتییە لە پرۆسەی پلاندانان و نرخدانان و رەواجپێدان و دابەشکردنی بیرۆکەیەك یان بەرهەمێك یان خزمەتگوزارییەك کە قابیل بە ئاڵوگۆڕەو ڕەزامەندیی دامەزراوەو تاکەکان بەدی دەهێنێت(بلتاج، 2019 ،421)، بەبازاڕکردنی بازرگانیش، رەهەندە قازانجخوازییەکەی بەبازاڕکردنە، مەبەستی رێکاری لە بەکارهێنانیشی۔ لەم توێژینەوەیەدا بەبازاڕکردنی بازرگانییە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا Facebook marketing.

ب. فەیسبوك: تۆڕێکی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتییە. مەبەستی رێکاری بەکارهێنانیشی۔ لەم توێژینەوەیەدا ئەو بوارەی فەیسبوکە کە کۆمپانیا بازرگانییەکان بەکاریدەهێنن و وەك هۆیەکی بەبازاڕکردنی بازرگانی پشت بەم تۆڕە دەبەستن.

ج. ریکلام: ئەو تەکنیک و پراکتیکانەیە کە بەکاردەهێنرێن بۆ پێشکەشکردنی بەرهەم، خزمەتگوزاری، بۆچوون، یان هۆکاری ئاگادارکردنەوە بۆ خەڵک بە مەبەستی ڕازیکردنیان بۆ وەڵامدانەوەیەکی دیاریکراویان بەرامبەر بەوەی کە ریکلامی بۆ دەکرێت، هاوکات ئامرازێکی ناکەسییە بۆ پێشکەشکردنی بیرۆکە و بەرەوپێشبردنی کاڵا و خزمەتگوزاری لەلایەن لایەنێکی ناسراوەوە لەبەرامبەر پارەیەکی پێدراودا( Britannica site,2023-Mandell and Rosenberg,1991,P.466)، مەبەستی رێکاری بەکارهێنانیشی۔ لەم توێژینەوەیەدا، ئەو ریکلامەیە کە لە فەیسبوك و کەناڵە ئاسمانییە کوردییە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بڵاودەبنەوە.

د. کۆمپانیای بازرگانی: مەبەستی رێکاری لە بەکارهێنانیدا، ئەو کۆمپانیا بازرگانییانەی هەرێمی کوردستانە کە لەیەککاتدا لە تۆڕی فەیسبوك و کەناڵە ئاسمانییە کوردییە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستاندا ریکلام بۆ بەرهەمەکانیان دەکەن.

ه. کەناڵی ئاسمانی: مەبەستی رێکاری لەبەکارهێنانیدا ئەو کەناڵە ئاسمانییانەی هەرێمی کوردستانن کە تایبەتمەندن لە بواری هەواڵ و سیاسەتدا کە بریتین لە: گەلی کوردستان، NRT، رووداو، کوردسات نیوز، کوردستان 24، KNN، پەیام.

## بەشی دووەم: بەبازاڕکردنی کۆمپانیاکان لە فەیسبوك و ریکلامکردن لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا

### باسی یەکەم :بەبازاڕکردن لە فەیسبوك:

پێش ئەوەی بابەتی بەبازاڕکردن لە فەیسبوکدا بخاتەڕوو، توێژەر چەمکی بەبازاڕکردن بە مانا فراوانەکەی دەناسێنێت:

- فیلیپ کۆتلەر، پێناسەی بەبازاڕکردن Marketing دەکات بەوەی: چالاکییەکی مرۆییە بە ئاراستەی تێرکردنی ئارەزوو و پێویستییەکان لە رێگەی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنەوە. (الصمیدعي- یوسف، 2006، 16).

- بەپێی پێناسەی "کۆمەڵەی بەبازاڕکردنی ئەمریکی: بەبازاڕکردن کۆمەڵە چالاکی و ڕێکارییەکی بازرگانیی پێویستن بۆ ئاراستەکردنی گەیانــدنی کـاڵاو خزمەتگوزارییەکـان لە بەرهەمهێـنەرەوە بـۆ بەکاربەر یان بەکارهێنەر.(اليماني، 2015، 25و26).

هەر لەو چوارچێوەیەدا، فەیسبوک، بە ئامرازێکی بەبازاڕکردنی سەرهێڵی ئەنتەرنێت Online Marketing دەناسرێت و ئەو تــۆڕە کــۆمەڵایەتییەیە کە لە ڕێــگەیەوە کەسی ئاســایی یــان مەعنەوی(وەک کۆمپانیاکان) دەتوانن پێگەی خۆیان بەهۆی ئامرازەکـانی تـۆڕەکەوە و بە پەیوەنـدیکردن بە خەڵکـانی تـرەوە گەورە بکەن.

لەلایەکی تــرەوە، بەبــازاڕکردن لە فەیســبوک چەمکــێکی جیاوازە لە چەمکی بەبازاڕکردن وەک ئەوەی لە بواری ئابووری و بازرگانی یـان کارگێڕیی کاردا هەیە. لێرەوە بـۆ تێگەیشـتن لە بە بـازاڕکردن لە فەیسـبوکدا کە هـێزێکی ئـابووریی پێکـدەهێنێت، پێویستە وەک چەمک و وەک پێکهاتە بیناسێنین.

أ) بەبــازاڕکردن لــە فەیســـبوك وەک چەمــک: یەکــێکە لەخزمەتگوزارییەکانی ئەم تـۆڕە کـۆمەڵایەتییە. لە پێناسـە باوەکانیدا بریتییە لە بەدیهاتنی ئاسانکارییەکی تەکنەلۆژیی سـەردەم لەگەیانـدنی دەسـتی کۆمپانیـا بازرگانییەکـان بە بازاڕو ساغکردنەوەی کاڵاو بەرهەمەکانیان تیایداو بەستنی پەیوەنـدی لەگەڵ جەمـاوەری بەکارهێنەردا،بەشێکیشـە لەپرۆسەی بەبازاڕکردنی ئەلکترۆنی E-Marketing کە پشت بەتەکنەلۆژیای نوێ دەبەستێت و خۆی دەبینێتەوە لە تۆڕەکــانی کۆمپیوتەر،گرنکترینیشــیان ئەنتەرنێــتە کە لەســەر ئاســتی جیهــانی فەراهەمە Publicly Accessibly.(العديلي، 2015، 41).

ب) بەبازاڕکردن لە فەیسبوك وەک پێکهاتە: هەموو ئەو ڕێگە جیاوازانە ئەگرێتەوە کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت بـازاڕ بـۆ کارە بازرگانییەکان لەسـەر تـۆڕی کـۆمەڵایەتیی فەیسـبوک بـدۆزرێتەوە.(طرق التسـويق عـلى الفيسـبوك، أونلايـن، 2022).

ئەو ڕێگا جیـاوازانەش کـە کـرۆکی پێکهـاتەی بەبـازاڕکردنن لە فەیسبوکدا، بریتین لە:

1) ڕیکلامەکــانی فەیســبوك(**FacebookAds**):ڕیکلامەکــانی فەیسـبوک پەیـامێکی پـارەدراوە لەلایەن کۆمپانیاکـان یـان کەســەکانەوەو یارمەتییانـــت دەدات بــۆ گەیشـــتن بەو کەسـانەی کە زۆر بەلایـانەوە گــرنگن. چەنــدین جــۆر ڕیکلامکردنیش لە خـۆ دەگرێت کە دیارترینیـان بـریتین لە ڕیکلامی وێنەیی Image ads، ڕیکلامی ڤیدیۆیی Video ads، ڕیکلامی بازنەییCarousel Ads کە ١٠ جۆر وێنە یـان ڤیـدیۆ بـۆ خسـتنەڕوی بەرهەمەکـان بەکاردێنێـت و ..هتد.. بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە بۆ بەبازاڕکردن لە ئێستادا بە باشـترین بژاردە دەزانرێت بۆ هەر یەکێک کە بیەوێت لە ڕێی پێدانی بڕێک پارەوە ترافیک لەسـەر لاپەڕەی خـۆی لە فەیسـبوک دروسـت بکـات.(أنـواع الإعلانـات عـلى الفيسبوك، أونلاين، 2022).

بەهۆی ڕیکلامەکانی فەیسبوکەوە، هەموو کەسێک دەتوانێت بە تێچـوویەکی زۆر کەم ڕیکلام بـۆ کاڵاکانی بکـات. فەیسـبوک زانیاریی لەسـەر بەکارهێنەرانی هەیەو دەتوانرێت هەر توێژێـک لە خەڵـک بکرێتـە ئامانج جـا گـرنگی بەهەر شـتێک بـدەن، یان تەمەنیـان هەرچەنـدێک بێـت، یـان ئەو شـوێنانەی کە تیایـدا نیشتەجێن و بە دیقەتێکی زۆر وردەوە.(يوسف،2021).

2) لاپەڕەکـانی کـاری بازرگـانی(FacebookPages) : بە سروشتی حاڵ، ئەم ڕێگایە بە واتای ئەوەیە کە هەر کارێکی بازرگانیی تایبەت بە خـۆت هەبێت پێویسـتیت بەوەیە کە لاپەڕەیەکت هەبێت لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، ئەو لاپەڕەیە هێما بازرگانییەکەت Brand لەخۆ دەگرێت و هەر زانیارییەکیش کە لەلاپەڕەکەتدا دایدەنێیت لەلایەن فەیسـبوکەوە بەکاردەهێنرێت، چـونکە ئەم تـۆڕە جـوڵەی گەڕانــێکی گەورەی هەیە، بـۆیە چەنـد زانیارییەکانــت کە دایــان دەنێیــت وردبــن، ئەوا فەیســبوکیش دەیانخــاتە بەردەستی بەکارهێنەران کە بایەخ بە هەمان بوار دەدەن . (يوسف،2021).

3) بازاڕگەی فەیسبوک(FacebookMarketplace): ڕووبەرێکە لە فەیسبوک کە بەهۆیەوە ئەتوانیت بەرهەمەکانت بۆ فرۆشتن بخەیتەڕوو، یان ئاگات لە بەرهەمەکانی خەڵکی تر بێت کە بۆ فرۆشتن نمایش کراون، واتە ڕووبەرە بازاڕێکە کە لە ڕێـگەوە دەتوانێـت بەرهەمەکـان بکڕیـت و بفرۆشـیت. ئەم خزمەتگـوزارییە کە بێ بەرامـبەرە، یەکەمینجـار لە ئۆکتـۆبەری سـاڵی ٢٠١٦دا فەراهەم بوو(كميـل، 2022). بەواتایـەکی تـر بەرهەمەکان لە بازاڕگەی فەیسبوکدا بەپێی پۆلینکردنی جوگرافی دەخـــرێنەڕوو، ئەو فرۆشـــیارەی کە لە ســـلێمانیدا دەژی بەرهەمەکانی ئەکەوێتە بەردەمی بەکارهێنەرانێکی فەیسبوک کە لەهەمان شاردا دەژین.

4) گروپەکانی فەیسبوك(**Facebook Groups**): گروپەکان لە فەیسبوکدا ڕێگەیەکی ترن لە چوارچێوەی بەبازاڕکردن کە ئەم تـۆڕە کـۆمەڵایەتییە، بەبێ بەرامـبەرو تێچــوون، ڕەخسـاندوێتی. هەمـوو بەکارهێنەرێکی فەیسبوک ڕۆژانە ڕێکەوتی دەیـان و سـەدان گـروپ دەکـات کـە لە بـواری چـالاکیی جیاجیـادا دروسـتکراون، بەتـایبەتی لە بـواری بازرگانیــدا. لەم ڕووەوە کۆمپانیـــاو خــــاوەن پـــرۆژە بازرگانییەکان بۆ بە بازاڕکردنی کاڵاو بەرهەمەکان دروستیان دەکەن.

گروپەکانی فەیسبوک، کەرەستەیەکی سروشتیشن بۆ دامەزراندنی جۆرێکی نوێی پەیوەندی. یەک ملیار کەسیش بە کرداری پەیوەندییان پێوە کردوون، فەیسبوک خۆی دەرفەتی ئەوە بە بەکارهێنەرێکی دەدات کە بتوانێت بەشداری لە(٦٠٠٠)شەش هەزار گروپدا بکات،ئەمەش واتە چانسی بەشداریی بەکارهێنەران لەو گروپانەی کە کۆمپانیاو پرۆژە بازرگانییەکان دروستیان دەکەن بۆ بەبازارکردنی بازرگانی، چانسێکی کراوەو بەهێزە، بەتایبەتی گروپی گشتی Public group.(یوسف، 2018).

بە گشتی، لەدیدی توێژەردا، ئەم پێکهاتەیە کە ڕێگا جیاجیاکانی بەبازارکردنی بازرگانین لە فەیسبوکدا، دەرفەتی بەرچاو دەرەخسێنێت بۆ بەبازارکردنی کالآو بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانی هەر کارو پرۆژەیەکی بازرگانی و گەشەپێدانی و فراوانکردنی. بۆ سوود وەرگرتنیش لەو دەرفەتە، ئەوە بەسە کە هێڵێکی ئەنتەرنێت هەبێت، هاوکات خاوەنی لاپەڕە یان هەژمارێک بیت لەم تۆڕەدا، لەگەڵ شارەزایی لە بەکارهێنانی تۆڕەکەو ناسینی خزمەتگوزارییەکانی و هۆشیاریی تەکنیکی و پیشەیی لەو بوارەی کە دەتەوێت لە ڕێی فەیسبوکەوە بازاڕی بۆ بدۆزیتەوە.

بۆ کۆمپانیاکانیش کە خاوەنی پرۆژەی جیاجیان، بودجەیەکی کەمیان پێویست دەبێت بۆ ئەوەی بە خێراترین و کەمترین کات بگەنە زۆرترین بەکارهێنەر و براندەکانیشیان بە بەکارهێنەران بناسێنن،جا چ لە ڕێگەی ریکلامەوە بێت بە ریکلامی پارەدراو و بێبەرامبەر، یان لاپەڕەی بازرگانی، یان بازاڕگەی فەیسبوک، یان ئەو گروپانەی کە لەم تۆڕەدا دروست دەکرێن.

## باسی دووەم: تایبەتمەندییەکانی فەیسبوک لە پرۆسەی بە بازاڕکردندا

أ) تایبەتمەندییەکانی بە بازاڕکردن بە پێی ریکلامی پارەدارکراو، لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

1) کەمتری تێچوو: وەک بەشێک لە پرۆسەی بە بازاڕکردن، دەتوانرێت لە فەیسبوکەوە ریکلام بکەیت تەنانەت ئەگەر بە یەک دۆلار-ی ئەمریکیش بێت، بە بەراورد بە پێگەکانی تر، تێچووشی کەمترە.
2) بەئامانجکردنی جوگرافیایەکی دیاریکراو: ریکلام وەک بەشێک لە پرۆسەی بە بازاڕکردن لە فەیسبوکدا دەتوانێت ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراو بکاتە ئامانج. لەم رووەوە، فەیسبوك داتای گەورەی لەبارەی بەکارهێنەرانەوە هەیە.
3) بەئامانجکردنی تەمەنێکی دیاریکراو: دەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو کە کالآ یان بەرهەمەکان تایبەت بن بەو تەمەنە .
4) نەرمیی گەیاندن: دەگاتە جەماوەرێکی بە ئامانجکراوی دیاریکراو و، لەپێگەکانی تریش نەرمیی Flexibility زیاترە.
5) بەپێی پلان و ئامانج: بە بازاڕکردن تا مێژوویەکی دیاریکراو و دڵخواز و بەپێی ئامانج و پلانی خۆت.
6) بەپێی کات و ماوەی دڵخواز: واتە بەبازاڕکردن بە پێی کاتی دڵخوازی خۆت کە گونجاوبێت لەگەڵ پلان و ئامانجەکانتدا.
7) گەیشتن بە جەماوەرێکی زۆر: دەتوانیت بەرامبەر بە بڕێک پارە زۆرترین لایک بۆ پەیجەکەت کۆبکەیتەوە و بگەیتە دەیان و سەدان هەزار بەکارهێنە، لەم رووەوە، کۆمپانیاکان زۆر سوود لەم تایبەتمەندییە وەردەگرن.
8) زانینی ئەنجامەکانی بەبازاڕکردن: ئەتوانیت وردەکاریی ئەنجامەکانی ریکلامکردنت بزانیت لەسەر بەمای تەمەن و شوێن و ژمارەی ئەوانەی ریکلامەکەیان پێگەیشتووە.
9) دەتوانیت توانای ریکلامکردنەت بزانیت لە رووی رێژەی ئەوانەی کە پێیان گەیشتووەو ئەوانەش کە کلیکیان لەسەر کردووە.
10) فەیسبوك بژاردەی دیاریکردنی بودجەی رۆژانەی هەیە، هەروەها دیاریکردنی ئەوەی ئایا ریکلامکار دەیەوێت ریکلامەکەی بەبەردەوامی ئیش بکات یان ئەیەوێت لەنێوان مێژوو و کاتی دیاریکراودا ئاراستەی بکات. (منتدى التسويق والإعلام، 2020 - عبدالله، 2014، 147-150 – الدليمي، 2020، 306و 307).

ب – تایبەتمەندییەکانی بەبازاڕکردن بە پێی ریکلامی بێ بەرامبەر:

ئەم تایبەتمەندییانەش زۆرن، بۆنموونە کردنەوەی لاپەڕەو هەژمار، بێ بەرامبەرەو تەنها کۆمپیتەرو هێڵی ئەنتەرنێت و کەسێک، یان تیمێکی شارەزای دەوێت. ئەتوانیت لە هەر کاتێکدا بتەوێت ریکلام بۆ کالآو خزمەتگواریەکانت بکەیت. دەتوانیت ریکلامەکەت بۆ کالآو بەرهەمەکانت سوود لە تایبەتمەندێتی مەڵتی میدیای فەیسبوک وەربگرێت و بەهەموو فۆرمەکانی ناوەڕۆک بێت، وەک: دەنگ، ڤیدیۆ، دەق، گرافیک، وێنەی جوڵاو Animation ، فۆتۆ، GIF، ئامار.

جگە لەوانە، ئەگەر هەژمار لە فەیسبوکدا بکەیتەوە بۆ بەبازاڕردنی بازرگانی، ئەوا ئەتوانیت هاوڕێ بۆ هەژمارەکەت زیاد بکەیت.ئەگەر لە فەیسبوکدا گروپ بۆ بەبازاڕکردنی بازرگانی دروست بکەیت، ئەوا دەتوانیت گروپێکی گەورەو دڵخوازی خۆت دروست بکەیت لە بوارێکی دیاریکراوداو دەرگای پەیوەندیکردن بە گروپەکە بکەیتەوە، یان بانگێشتیان بکەیت.هەروەها لە فەیسبوکدا دەتوانیت دەستکاریی Edit ناوەڕۆکی پەیامە بازرگانییەکەت بکەیت و گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدەیت، هاوکات خزمەتی زۆرترین ژمارەی کڕیاران بکەیت بەبێ ئەوەی پێویستی بە زیادکردنی ژمارەی کادری

بەبازاڕکار   بکات بۆ ئەوەی ریکلامەکەت بۆ دابەش بکەن، یان وەڵام پەیوەنــدییەکان بــدەنەوە، یــان داوای چــاودێریکردنی ریکلامی سەرشەقامەکان و تەلەفزیۆنەکانیان لێ بکەیت.

لەچوارچێوەیەی تایبەتمەندییەکاندا، ئەگەرێکی زۆر هەیە کە کڕیاری چاوەڕوانکراوت بـۆ بکاتە کڕیاری راسـتەقینە،چونکە ئەوان لەرێی گەڕانەوە Search دەگەنە بەرهەم و خزمەتگــوزارییەکەت، ئەمەش واتــە پێشــوەخت پــاڵنەری بایەخـدانیان هەیە بە ریکلامکـردن لە فەیسـبوکدا. دەتوانێـت پاڵپشـتیی وێنەی کۆمپانیاکەت و وێنەی بەرهەمەکانی بکات، ئەوەش لە رێگەی روونکردنەوەی پێویست و گونجاو لەبارەی بەرهەمەکـانەوەو تیشـک خسـتنە سـەر پەیـامی کۆمپانیـاکەو بەهاکان و دەسکەوتەکانی.

بـەدەر لەوانـە، لە پرۆسـەی بەبازاڕکردنـدا لە فەیسـبوک، دەەتوانیـت روونکـردنەوەی زیـاتر بـۆ پەیامەکانـت بـدەیت بە بەکارهێنەران. دەتوانێت سـوود لە تایبەتمەنـدیی کارلێککارییش وەربگریت و وەڵامی تێبینی و پرسیارەکانی کڕیاران بـدەیتەوە کە لەسـەر پۆسـتەکانت دەینووسـن و زانیـاریی زیـاتر ببەخشـیت پێیان لەبارەی کاڵاکانتەوە. دەشـتوانیت لە رێگەی مانسـجەری فەیسـبوکەوە گفتوگـۆی زیـاتر لەگەڵ کڕیارانــدا بکەیــت و بیکەیـتە دەروازەیەکی تـری کـارلێککردن لەگەڵ بەکـارهێنەرانی فەیسـبوکدا. هاوکـات وەڵامی ئۆتۆمـاتیکی پرسـیارە باوەکـان بـدەیتەوە و دیـزاینی بکەیـت بـۆ ئەوەی وەڵامەکانـت هاوکـاتی پرسیارەکان بێت و دوا نەکەوێت و بەکارهێنەر لە چاوەڕوانیدا نەمێنێتەوە.

پرۆسـەی بـەبازاڕکردنی بازرگـانی لـە فەیسـبوکدا، چەنـدین تایبەتمەندیی دیکەشی هەیە، لەوانە:

1) لە رێـگەیەوە توانـای وەرگــرتنی فیــدباکت هەیە لەســەر بۆچوونەکانت لەبارەی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانت، ئەوەش بە سوودوەرگرتن لە رادەی کارلێکی بەکارهێنەران لەگەڵ هەژمار و لاپەڕەکانت و نووسین و ناردنی تێبینییەکانیان بۆت.

2)      ئەتوانیت بەهـۆی بۆچوونەکان و رەخنەکانی کڕیـارانەوە کوالیتی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان باشتر بکەیت.

3) دەتوانیت ریکلامە ئامادەکراوەکان بۆ تەلەفزیۆنەکان لەپەیج و هەژمارەکاندا بڵاوبکەیتەوەو بەبازاڕکردنیان بۆ بکەیتەوە.

4) مـاوەی ریکلام لە هەر پۆسـتێکی ڤیدیۆییـدا لەژێـر کـۆنترۆڵی بەکارهێنەردایە کە چەند درێژبێت و چەندیش کورت.

5) لادانی پەیامی ریکلامئامێز لە فەیسبوکەوە خێراترە، چونکە لە ژێر کۆنترۆڵدایە، بەتایبەتی ئەگەر هەڵە لە ناوەڕۆک یان لایەنی هــونەری ریکــلامەکەدا هەبێ، بە هەمــان شـێوەی بــواری راستکردنەوەی خێراترە.

6) دەتوانیت ریکلامی پێشوەخت بۆ کاڵاکانی داهاتوو بکەیت کە هێشتا نەخراونەتە بازاڕەوە و کڕیار بخەیتە چاوەڕوانییەوە.

7) بیروبۆچوونی کڕیاریان لە فەیسبوکەوە دەبنە داتاو زانیاری و ئامار بۆ بەشی بە بازاڕکردن لە کۆمپانیا بازرگانییەکان.

8)   ئەو داتاو زانیاری و ئامارانەی کە لە رێگەی فەیسـبوکەوە دەسـت دەکەون لە ئەنجـامی ریکـلام بـۆ کـاڵاو بەرهەمەکـان، دەبنە کەرەستەی خاو بۆ توێژینەوەی زانستی .

9) ئەو تـوێژینەوە زانسـتییانەی کە کار لەسـەر داتـاو زانیـاری و ئامارە دەستهاتووەکان دەکەن لە فەیسبوکەوە، دەبـنە مـایەی پێداچوونەوەو دانانی پلانی نوێ.

10) لە پرۆســـەی بەبـــازاڕکردنی بازرگانیـــدا لە فەیســـبوک، دەتوانیـت پەیوەنـدی بکەیـت بە تـاک بە تـاکی کڕیـارانەوە کە خـــاوەنی هەژمـــارن لە فەیســـبوکدا ســـەبارەت بە کـــاڵاو بەرهەمەکانت .

11)  دەتوانرێت لە رێگە ماسنجەری فەیسبوکەوە ریکلامەکان بنێرێــت بــۆ کەســانی زۆر تــایبەت کە هــاوڕێتن لە تــۆڕی فەیسبوکدا .

12) لەگەڵ راکێشانی سـەرنجی کڕیارانـدا لە رێی بەبازاڕکردن لە فەیسبوکەوە، کڕیارانیش دەتوانن شێری ریکلامەکانت بکەن .

13)      لەگەڵ راکێشانی سەرنجی کڕیاراندا بۆ کاڵانت لە رێی بەبـازاڕکردنی بازرگـانی لە فەیسـبوکەوە، کڕیـارانیش دەشـێت ریکلامەکـان بە ماسـنجەر بـۆ هاوڕێیانیـان بنـێرن کە هەمـان بایەخیان هەبێت.

14) لەگەڵ راکێشـانی سـەرنجی کڕیارانـدا بـۆ کاڵانـت لە رێی بەبـازاڕکردنی بازرگـانی لە فەیسـبوکەوە، کڕیـارانیش دەشـێت ریکلامەکەت لە گروپە تایبەتییەکانی خۆیاندا بڵاو بکەنەوە.

15) کە بەکــارهێنەرانی فەیســـبوک سەرســـامبوون بە هەر کاڵایەک کە بەهۆی بازاڕکردنی بازرگانی لە فەیسبوکەوە ریکلامی بۆ  بکەیت و بەکارهێنەریش لای خۆیەوە لەرێی شەیرکردن یان ناردن یان دانانی لە گروپە تایبەتییەکاندا ریکلامی بۆ بکات، ئەوا رەنگە بەکارهێنەرانی تری  فەیسبوکیش لای خۆیانەوە جارێکی تر ئەو ریکلامە شەیری بکەن.

16) بە بـازاڕکردنی بازرگـانی لە رێی فەیسـبوکەوە کات و پـارە و زانیاری بۆ بەکارهێنەرانی فەیسبوک پاشەکەوت دەکات.

17) دەرفەتی ئەوە دەداتە بەکـارهێنەر کە لەکـاتی گونجــاو و تایبەتیی خۆیدا ئەو ریکلامە ببینێت نەک ناچار بە بینینی بێت تەنها لە کاتێکی دیاریکراودا وەک لە راگەیاندنی سوننەتیدا باوە.

18) دەرفەتی ئەوە بە بەکـــارهێنەرانی فەیســـبوک دەدات کە ریکـلامە بازرگانییەکـانی پێشـتر و کـۆنتر کە تـایبەتن بە کـاڵاو بەرهەمە بە بازاڕکراوەکان، بدۆزێتەوەو بپشکنێتەوە و ببینێت

19)      دەتوانرێـت دەقی هەمـان پەیـامی ریکـلام کە پێشـتر بڵاوکــراوەتەوە، بە ڤیــدیۆو دەنــگی نــوێ تۆمــار بکــرێتەوەو بڵاوبکرێتەوە .

20) لە بەبـــازاڕكردنی بازرگانیـــدا لە ڕێی فەیســـبوكەوە، دەتوانیت بەستەری link ریكلام بۆ كاڵاكانت كە لە پێگەی ئەلكترۆنی یان یوتیوب، یان تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی تردا بڵاوت كـــــردوونەتەوە، دایبنێیـــــت. (الــــدليمي، 2020،307 – ريان،2012، 37 - منتدى التسويق والإعلام، 2020 - مجد، 2014، 147-150 – كـولز، 2016، 14- عبـدالأمير، 2014، ١٦-٢٠).

لێرەدا سەرنجی توێژەر ئەوەیە كە زۆر لەو تایبەتمەندییانەی بەبازاڕكردن بە پێی ریكلامی بێ بەرامبەر، لە ریكلامی پارەدراویشدا هەیە، بەڵام لە توێژینەوە میدیاییەكاندا، تەنها بۆ جۆرێك لە جیاكردنەوە، پۆلێنكراون.

## باسی سێیەم: كۆمپانیا بازرگانییەكان و بەبازاڕكردن:

1) چـەمكی كۆمپانیـا بازرگانییـەكان: لـە ئـەدەبیاتی تیـۆری و توێژینەوە زانستییەكاندا، پێناسەی زۆری بۆ كراوە، لەوانە:

أ. كۆمپانیا، گرێبەستێكە كە بەهۆیەوە دوو كەس یان زیاتر پابەنـد دەبـن بـەوەی هەریەكـەیان بەشـداری بكـەن لـە پرۆژەیەكـدا كـە قـازانجی هـەبێت، ئـەوەش لـە ڕێی پێشكەشكردنی پشكێك لە پارە یان كارێك بۆ دابەشكردنی ئەنجامـەكانی چوونـە پرۆژەكـەوە لـە بابـەتی زیـان و قازانجكردن. (سلام، 2022، 310).

ب. كۆمپانیا بریتییە لە"كارێكی بازرگانی كە لەسەر بنەمای فرۆشتنی بەرهەمەكان دامەزراوە، كاری پێشكەشكردنی خزمەتگـــوزاری و ئامـــانجی بازرگـــانیكردنە كە قـــازانج بەدەســـتبهێنێت و پارەمتیـــدەربێت لە بەدەســـتهێنانی پارەدا".(الحامد، 2023م).

ج. پێناسەی توێژەریش، لەبەر ڕۆشنایی پێناسە جیاجیاكاندا، ئەوەیە كە، كۆمپانیای بازرگانی بریتییە لە دامەزراوەیەك، یان پرۆژەیەكی بازرگانیی قازانجخواز كە كاڵاو بەرهەمێك، یـان خزمەتگوزارییـەك، یـان هـەر كـارێكی تـری خـاوەن دەسكەوتی دارایی هەڵدەسورێنێت و خاوەندارێتییەكەی بـۆ كەسـێك یـان زیـاتر لـە كەسـێك دەگەڕێتـەوە، هاوبەشەكان/پشـــكدارەكان بـــە ســـەرمایەیەكی دارایی خۆیانەوە پشكیان تێدا دەبێت.

2) ئەركی بەبازاڕكردن لە كۆمپانیا بازرگانییەكان: ئەم ئەركە لە ئەركـە سـەرەكی و لەپێشـەكانی هـەموو كۆمپانیایـەكی بازرگانییە، بەپۆختی بریتییە لە "پلاندانان و جێبەجێكردنی چەمكـەكان و نرخـدانان و ڕەواجپێـدان Promotion و دابەشـكردنی بیروڕاكـان و كـاڵاو خزمەتگوزارییـەكان بـۆ ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕێك كە پێویستی و ئارەزووی تاكەكان و دامـەزراوەكان تـێر بكـات. ئـەم چالاكییـە لـە ڕێگـەی پێشكەشـــكردنی كـــاڵاو خزمەتگوزارییەوەیـــە لـــە بەرهەمهێنـــەرەو بـــۆ بەكاربـــەر بـــەهۆی كەناڵـــەكانی دابەشـكردنەوە. ئەركەكانی بەبازاڕكردن، ئەم چالاكییانە لەخۆ دەگرێت:-

أ. لێكۆڵینـەوە لـە بازاڕەكـان بـە مەبەسـتی زانینـی حـەزو ئارەزووی بەكاربەران.

ب. لێكۆڵینەوە لە كاڵا بۆ دیاریكردنی كوالیتیی ئەوانەیان كە دەخوازرێت بەپێی ئارەزووەكانی بەكاربەر،بەرهەم بهێنرێن.

ج. دیـاریكردنی نـرخ بـۆ ئـەو كاڵایـەی كـە بـە بەكاربـەران دەفرۆشرێن.

د. ڕەواجــدان بــە كاڵاكان/خزمەتگوزارییــەكان لــە ڕێگــەی كاریگەریی دانان لەسەر ئارەزووەكانی بەكاربەرو رەفتاری كڕینی لەئاست كاڵاو خزمەتگوزارییە بەرهەمێنراوەكان.

هـ. دابەشـكردنی بەرهەمـەكان لەڕێگـەی دەروازە زانراوەكـانی دابەشـكردنەوە كـە كاڵاو خزمـەتگوزاریی دیـاریكراو لـەخۆ دەگرن.

و. كۆی ئەو چالاكییانەش ئاوێتەی بەبازاڕكردنن كە خۆیان لــە هــەر چــوار ڕەگەزی(بەرهــەم، نــرخ، شــوێن، ڕەواجپێدان)دا دەبیننەوە.(الجودة وآخرون، 2008، 29-30).

3) ڕەواجپێدان و ئامانجـەكانی لـە كۆمپانیا بازرگانییەكان: لـە ڕوانگەی شـارەزایانی بواری بەبازاڕكردنەوە، ڕەواجپێدان، لە ژینگەی بەبازاڕكردندا، ڕۆڵێكی گرنگی لەبواری پاراستنی پەیوەندییـــەكی سروشـــتی و ئاســـایی لـــەنێوان دامـــەزراوەكان/كۆمپانیاكان و جـــەماوەردا هەیـــە، ئامانجـەكانی ڕەواجپێدانیش زۆرن، ئەمانـەی خـوارەوە لـە ئامانجە سەرەكییەكانە كە بریتین لە:

أ. هۆشـیاركردنەوەی بەكاربـەران بـە بەرهـەم و كاڵاكـان و ناوەكانیان.

ب. ئاشـــناكردنی بەكاربـــەران بـــە تایبەتمەندییـــەكانی كـــاڵاو بەرهەمەكان و خزمەتگوزارییەكان.

ج. دروستكردنی سەرسـامیی لای بەكاربەران لەئاست كاڵاو بەرهەمەكاندا.

د. بەباشتر زانینی بەرهەم و كاڵاو خزمەتگوزاریی كۆمپانیا لە بەرهەمی كۆمپانیاو براندە ڕكابەرەكان.

هـ. پاڵپشـتیكردنی هەڵوێسـتیی ئـەرێنی مامەڵـەكاران لـەبارەی كاڵاكانەوە بۆ ئەوەی بە بەردەوامی بیانكڕن.

و. كاركردن لەسەر گۆڕینی ئاراستەو بیروڕاو جۆرە جیاوازەكانی ڕەفتاری نـەرێنیی بەكاربەران بە بازاڕە بەئامانجكراوەكاندا بـــۆ بـــیروڕاو ڕەفتـــاری ئـــەرێنی لەئاســـت كـــاڵاو خزمەتگوزارییەكان.

ز. پێشكەشكردنی زانیاری دەربارەی بەرهەمەكان بەكڕیارانی چـاوەڕوانكراو و ئێسـتا لـەكاتی گونجـاو و بـەرەواجپێـدانی گونجاو.

ح. گەیاندنی هەواڵ بە مامەڵەکاران لەهەمووکاتێکداو بیرخستنەوەی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بۆیان و قوڵکردنی رادەی پەیوەستبوونیان بە هێمای بازرگانی کۆمپانیاوە.

ط. گۆڕینی کڕیارانی چاوەڕوانکراو لە کڕیارێکەوە کە بەرهەمەکە ناکڕێت بۆ کڕیارێك کە بە بەردەوامی بیکڕێت و دروستکردنی گرنگیدانیان بەکاڵاکان و چارەسەرکردنی کەمبوونەوەی فرۆش.

ي. بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی رەواجپێدانی رکابەرەکان بۆ بەردەوامبوون و مانەوەیان لەبازاردا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ.

ك. پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا لەبواری پەیوەندیگرتن و ئامرازەکانی گواستنەوەی زانیاریدا چالاکیی رەواجپێدانی ئاسانتر کردووەو گرێی داوەتەوە بە سەرکەوتنی گەورە لەناساندنی کۆمپانیاکان و کاڵاو خزمەتگوازرییە بەرهەم هێنراوەکانیان.

ل. زیادبوونی رەواجپێدان بەهۆی جۆراوجۆریی بازنەی هۆیەکانی پەیوەندیی نێوان بەرهەمهێنەرو بەکاربەر.

م. رەواجپێدان کەشێکی کاتبەسەربردنیش دروست دەکات. نموونەی زەقیش ریکلامە کە لە رێگەی ئەو دیمەن و وێنانەوە کە یاوەری خستنەڕوو و پێشکەشکردنی کاڵا یان خزمەتگوزارین بە بەکاربەر، کەشێك لە چێژوەرگرتن فەراهەم دەکات و یارمەتیدەریشە لە دروستکردنی جۆری پێشکەوتووی ژیان لەرێی وێناکردنی ئەو هەڵوێستانەی کە رەنگدانەوەی تایبی هاوچەرخی ژیانن.(زکریا وآخرون، 2015، 353و 354).

4) کۆمپانیا بازرگانییەکان و رەگەزەکانی رەواجپێدان: ئەگەر رەواجپێدان لە بواری بەبازاڕکردندا ئاوێتەیەکی هەبێت کە بریتییە لە رەگەزەکانی فرۆشتنی کەسی، کاراکردنی فرۆش، پەیوەندییە گشتییەکان، ریکلام، ئەوا مامەڵەی کۆمپانیان لەگەڵ ئەو رەگەزانەدا بنەمای زانستیی خۆی هەیە. راستە هەموو رەگەزەکانی رواجپێدان، لەدیدی شارەزایاندا، تەواوکەری یەکترن و هیچیان جێگرەوەی ئەویتریان نین و هەریەکەیان ئامانجێکی دیاریکراو بەدی دەهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیا بازرگانییەکان هەوڵی باشترین شێوازی رەواجپێدان دەدەن.(زکریا وآخرون، 2015، 354).

بۆ ئەو مەبەستە هەموو کۆمپانیایەکی بازرگانی، بە سروشتی حاڵ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێك فاکتەرەوە بۆ ئەوەی رەگەزەکانی رەواجپێدان بۆ بەرهەم و کاڵاکانی خۆی هەڵبژێت، ئەو فاکتەرانەش ئەمانەی خوارەوەن:

أ. سروشتی ئەو بازاڕەی کە دەکرێتە ئامانج و جۆری کڕیارەکان و ژمارەی بەکاربەران تیایدا.

ب. سروشتی ئەو کاڵایەی کە دەخرێتە بازاڕەوە.

ج. ئامانجەکانی کۆمپانیاو تێچووە داراییەکانی بەدیهێنانیان و بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەو مەبەستە.

د. تاچەند کاڵاکە تازەیەو پێویستیی بە خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی هەیە، یان روو لەداکشان و بازاڕ کزییە.

لێرەدا توێژەر، وای دەبینێت کە بیرخستنەوەی ئەو فاکتەرانە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی بزانرێت کۆمپانیاکان لەسەر چ بنەمایەك رەگەزەکانی رەواجپێدان هەڵدەبژێرن، کامیان لە چ کاتێك و بۆ چ مەبەستێك و لە کام بازاڕ و بۆ کام بەکاربەری بەئامانجکراو، گونجاو و لەپێشترن. ئەو بژاردانە بۆ هەڵبژاردنی رەگەزی کارای رەواجپێدان دەرفەتێکی بەسوودە بۆ جێبەجێکردنی پلاندان و رێکخستن و ئاراستەکردن و بڕیاردان و چاودێریکردنی بەبازاڕکردن، لەرووی زانستیشەوە دەچێتە چوارچێوەی زانستی بەڕێوەبردنی بەبازاڕکردنەوە Marketing management کە تەواوی ئەو پرۆسانە لەخۆ دەگرێت.

5) کۆمپانیا بازرگانییەکان و ئامرازەکانی ریکلامکردن: لە وڵاتاندا، چینی بازرگان و سەرمایەداران و وەبەرهێنەران، هاوکات کەرتی بازرگانی و ئابووری بەگشتی، بەتایبەتیش ئەو کۆمپانیایانەی کە بەردەوام پەرۆشی گەشەکردن و کێبەرکێ و بەدەستهێنانی قازانجی زۆرترو ناوبانگی زیاترن، پێویستییان بە میکانیزمەکانی رەواجپێدان و فرۆشتن و ساغکردنەوەی کاڵاو بەرهەمەکانیان هەیە لە بازاڕە ناوخۆیی و جیهانییەکاندا.

پڕکردنەوەی ئەو پێویستییە، هەموکاتێك ناچار بە سەوداکردنیان دەکات لەگەڵ ئامرازەکانی راگەیاندن و دەرفەت و خزمەتگوزارییەکانیاندا، بۆ ئەو مەبەستە، کۆمپانیاکان پەنا بۆ کاریگەرترین و پڕ جەماوەرترین ئەو ئامرازانەی راگەیاندنی جەماوەری دەبەن کە دەستیان بگەیەنە زۆرترین کڕیارو بەکاربەرو خواستیان لەسەر کاڵاو بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دروست بکەن.(عەبدوڵڵا، 2021، 8).

لەو چوارچێوەیەدا، ئەزموونی کۆمپانیاو پرۆژە بازرگانییەکان دەریخستوە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان پەنا بۆ ریکلامی ئامرازەکانی راگەیاندنی نوێ دەبرێت کە وەك زاراوەی زانستی هاوتایە بۆ ریکلامی دیجیتاڵی و ئەلکترۆنی، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکیش بە بەردەوامی یەکێك لەو ئامرازانە، ئەوەش بەو پێیەی لەدیارترینیانەو بۆتە جێی بایەخی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و کەرتە جیاجیاکانی چالاکیی مرۆیی، بەتایبەتیش بۆ ریکلامکاران و پرۆژەو کۆمپانیا بازرگانییەکان.

توێژەر پێیوایە هەر لەو چوارچێوەدایە کە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکیش بۆتە چالاکییەکی بایەخپێدراوی بەبازارکردن بۆ کۆمپانیاو پرۆژە بازرگانییەکان و ئامرازێکی کاریگەریی راگەیاندنی نوێیش لەبواری رەواجپێدان و ریکلامکردندا.

## باسی چوارەم: ریکلام و تایبەتمەندییەکانی لەکەناڵە ئاسمانییەکاندا:

ریکلام لە کەناڵی ئاسمانیدا کۆمەڵێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ئەو تایبەتمەندییانە وەکچۆن لایەنە ئەرێنییەکان لەخۆ دەگرن، ئاوهاش هەندێ لایەنی Disadvantages نەرێنییان Disadvantages هەیە کە توێژەر سەرنجی داوە لە زۆر توێژینەوەی زانستیدا رەچاو نەکراون، یان هەندێجار تەنها بەشێوەیەکی گشتی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ریکلام باسدەکرێن بەبێ گرێدانەوەیان بە تایبەتمەندێتییەکانی خودی ئامرازەکانی راگەیاندن خۆیانەوە.

1) تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی ریکلامی کەناڵە ئاسمانییەکان: ریکلام لەکەناڵە ئاسمانییەکاندا جێی بایەخی ریکلامکاران و دەزگاو کۆمپانیا بازرگانییەکانە، هاوکات چالاکییەکی پشت پێبەستراو و دڵخوازی گروپ و رێکخراوە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانە لەبواری بەبازارکردنی سیاسی و فکری و کولتوریدا، بەتایبەتیش لە کاتی بانگەشەو کەمپینەکاندا.

لەم رووەوە، ئەوەی پەیوەندیی بە ریکلامی بازرگانییەوە هەبێت، لە زۆر قۆناغدا بەدەرکەوتووە کە زۆربەی گەورە ریکلامکارانی هەریەکە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئینگلتەرا - وەك نموونە- بەشی زۆری بودجەی بانگەشەو ریکلامییان بۆ ریکلامی تەلەفزیۆنییە، هەندێجار رێژەی ئەو بودجەیەی کە بۆ ریکلامکردن لە تەلەفزیۆندا تەرخانیان کردووە، گەیشتۆتە(90%)ی کۆی ئەو بودجەیەی کە بۆ ریکلامکردن بە گشتی دانراون .(الحديدي- مكاوي، 2005، 172).

بە دەستەواژەیەکی تر، ئەوەی وا دەکات کە ریکلام لەکەناڵە ئاسمانییەکاندا ئەو گرنگییەی پێبدرێت، کۆمەڵێك تایبەتمەندین کە دیارترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:-

أ. جوڵە یەکێکە لەو تایبەتمەندییە گرنگانەی کە ریکلامی کەناڵە ئاسمانییەکان لە وێنە وەستاوەکان و گرافیکی بێ گیانی رۆژنامە و گۆڤارەکان و جوڵەی دەنگیی ئێزگەکان جیا دەکاتەوە.

ب. ریکلامی کەناڵە ئاسمانییەکان، لە یەککاتدا دەق و دەنگ و رەنگ و جوڵە پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەمەش ئەو تایبەتمەندییەیە کە لە ئامرازی نوسراو و بیستراودا فەراهەم نییە.

ج. ریکلام لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا وەك ریکلامی چاپکراو نییە کە یەکجارو لە یەك پانتاییدا بڵاوبکرێتەوە، بەڵکو بە درێژایی کات و بەپێی گرێبەستی ریکلامکردنەکە دەتوانرێت کە چەندینجار، لە کات و پرۆگرامی جیاجیادا، دووبارە بکرێتەوە.

د. سەیرکردنی ریکلام لە کەناڵە ئاسمانییە کراوەو بێ کۆدکراوەکاندا، تێچووی نییە، یان زۆر کەمە، ئەگەر بینەر ئامێرەکانی تەلەفزیۆن و ئاریەڵ و وەرگرتنی پەخشی سەتەلایتی هەبێت.

ە. ریکلامی کەناڵە ئاسمانییەکان دەرفەتی گەورە بۆ کۆمپانیاو دەزگا بازرگانییەکان دەڕەخسێنێت کە بە جەماوەرێکی زۆری بینەر بگەن تەنانەت لە دەرەوەی جوگرافیای سیاسی نیشتمانیش.

و. گواستنەوەی زیندوو و راستەوخۆی رووداوە گرنگەکانی وەك فیستیڤاڵەکان و ئاهەنگەکان و رووداو و پاڵەوانێتییە وەرزشییەکان لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، کاتی زێڕینی تری بۆ ریکلامی کەناڵە ئاسمانییەکان دروستکردووە، وایانکردووە ریکلامکارانی کۆمپانیا بازرگانییەکان لەرێگەی سپۆنسەرو ریکلامەکانیانەوە، ریکلامی تەلەفزیۆنی بە ئامرازێکی باش بزانن بۆ گەیاندنی پەیامی ریکلامییان بە بینەران.

ز. پەیامی ریکلامی لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا بۆ خێزان دەگوێزرێتەوە وەك یەك یەکەو لەیەککاتدا، لەکاتێکدا ئەم تایبەتمەندییە لە ئامرازی راگەیاندنی نوسراو/چاپکراودا ئەستەمەو ناتوانرێت ئەندامانی خێزان هەموویان پێکەوە ریکلامە چاپکراوەکان بخوێننەوە. (فلحي، 2002، 25 – صابر، 2014، 38و39- كورنل، 1999، 43).

لەدیدی توێژەردا، ریکلامی بینراو، بەهۆی گەشەکردنی تەکنەلۆژیای نوێی راگەیاندنەوە، بەردەوام لە گەشەکردندایە چ لەچوارچێوەی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی/لۆکاڵیدا بێت، یان ریکلامی ڤیدیۆیی سەکۆکانی ئەنتەرنێت Online، یان کەناڵە ئاسمانییەکان، بەتایبەتیش ئەمەی دوایی کاتێك کە پرۆگرام و روماڵی میدیایی چۆنایەتی و بەرهەمی نوێی هەبێت، لەوەش گرنگتر جەماوەرێکی زۆر بینەری بن و خاوەنی نێوبانگ و پرۆفیشناڵ بێت.

2) تایبەتمەندییە نەرێنییەکانی ریکلامی کەناڵە ئاسمانییەکان: ئەوەی لە توێژینەوە مەیدانییەکاندا سەلمێنراوە، ئەوەیە کە، تایبەتمەندییەکانی ریکلامی کەناڵە ئاسمانییەکان، هەر خۆیان هەندێك لایەنی نەرێنیشیان تیایە، بەتایبەتی لە بازاری کێبەرکێی پەیامسازیی ریکلامدا کە لەنێوان ئامرازەکانی راگەیاندندا هەیە، هەندێ لەو لایەنە

نەرێنییانە ئەمانەی خوارەوەن (أبو طعيمة، 2008، 124-صابر، 2014، 38و39):

أ. ریکـلامی کەناڵـە ئاسـمانییەکان نرخیـان لـە ریکـلامی ئامرازەکانی تـر گـرانترە. ئەمـە وادەکـات کـە زۆرێـك لـە ریکلامکــاران نــەتوانن تێچــووی ریکــلام هــەڵبگرن و ریکلامکـردن تـەنها بـۆ کۆمپانیـا و دەزگا پـارەدارو خـاوەن بودجەکانی ریکلام قۆرغ بێت و پرۆژە بازرگانییە بچووەکان لەم جۆرە ریکلامە بێبەش بن.

ب. زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی کەناڵە ئاسمانییەکان دەرفەتی بینی ریکلامەکان بۆ هەر کەناڵێکی ئاسمانی کەم دەکاتەوە، هــەتا کــەناڵی ئاســمانی زۆر بێــت بینــەر پەرتــدەکات و بەرکـەوتن و پشتبەسـتنیان بـە راگەیاندنـەکانیش دابـەش دەبێت.

ج. لەبەر ئەوەی زۆرجار کەناڵە ئاسمانییەکان وەك ئامرازێكی کاتبەسەربردن لەقەڵەم دەدرێن، ئەوا ناوبڕی ریکلامەکان و زۆریی ژمارەیان و درێژەکێشانیان و پچڕاندنی بینەران لە سەیرکردنی پرۆگرامەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرجار بینـەران ریکلامـە پەخشـکراوەکان پشـتگوێ بخـەن، یـان ڕەنگـە لــەو دەمــەی ریکــلام بڵاودەکرێتــەوە، ســەیری تەلەفزیۆن نەکەن.

د. بــەهۆی دەرکــەوتنی ریکــلامی ڤیــدیۆیی لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و راگەیانـدنی نوێـوەوە، ریکلامی کەناڵـە ئاســـمانییەکان زۆر تایبەتمەنـــدیی ئـــەرێنیی خـــۆی لەدەسـتداوەو لـە ئـامرازی تـرەوە لاسـایی دەکرێتـەوە. لـەم ڕووەوە، ریکلامە ڤیدیۆییەکانی ئەنتەرنێت کە سەرچاوەی بەرهــەمهێنان بریتییــە لــە ئاژانســەکانی ریکــلام کــە ریکلامــەکانی کەناڵــە ئاســمانییەکانیش، زۆرجــار، هــەر لەلایەن ئەوانەوە بەرهەمدەهێنرێن، بوونەتە هۆی ئەوەی کە زۆرێك لە ریکلامکاران ڕوو لەبازاڕی ریکلاکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان و مامەڵــەی زیــاتر لەگــەڵ ریکــلامی ئەنتەرنێتـدا بکـەن، چونکـە لـەرووی بەرهەمهێنانـەوە هـەمان تایبەتمەنـدیی دەنـگ و ڕەنـگ و جوڵـەو دەق و گـرافیکی ریکلامی کەناڵـە ئاسـمانییەکانیان لـەخۆ ئـەگرن، لـەرووی پێشکەشکردنیشـەوە هـەموو جۆرەکانی ریکلامی درامــا، راســـتەوخۆ، جوڵاو/ئەنیمەیشـــن، گفتوگـــۆو وەبیرهێنانەوە پێشکەشدەکەن.

هـ. لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا قورسە کە کەرتێکی بازاڕ بکرێتە ئامانج، چونکە تەلەفزیۆن پەیامەکەی بۆ هەمووانە

بـەم جـۆرەش، بۆچـوونی تـوێژەر ئەوەیـە کـە ریکلامی کەناڵـە ئاسمانییەکان، سەرەڕای ئەوەی تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە زۆر لایـەنی ئـەرێنیی ئـەو بەرجەسـتە دەکـەن، بـەڵام هـەر ئـەو تایبەتمەندییانـە خۆیـان هـەم لایـەنی نـەرێنییان هەیـە، هـەم لــەبازاڕی کێبــەرکێی ریکلامکردنــدا لەگــەڵ ریکــلامی تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەدۆخی کێبەرکێیەکی سەخت و قورسدایە.

## بەشی سێیەم، بەشی کرداریی توێژینەوەکە:

### تەوەری یەکەم: رێکارییەکانی چاوپێکەوتنی زانستی:

1) **داتای تایبەت بە مشتەی توێژینەوەکە:** بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و گەیشـتن بـە ئـەنجامی پێویسـت لـەبارەی بابـەتی توێژینەوەکـەوە، تـوێژەر ئـامرازی چاوپێکـەوتنی لەگـەڵ رێپێدراوانی(9)کۆمپانیای بازرگانیی هەرێمدا بەکارهێناوە. لای خوارەوە بەخشتەیەك ناوی ئەو رێپێدراوانە و پۆست و پیشەیان لە کۆمپانیاکانیان، دیاریکراوە، بڕوانە خشتەی ژمارە(1).

**خشـتەی (1): داتـای بـەرتوێژان، رێپێـدراوانی کۆمپانیـا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان**

| زنجیره | داتای بەرتوێژ / ناوی بەرتوێژ | رێپێدراو بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ بەناوی کۆمپانیای: | پیشە و پۆست لە کۆمپانیادا |
|---|---|---|---|
| ١ | عومەر فالح | کۆمپانیای ئاسیاسێل | بەڕێوەبەری بەشی بەبازاڕکردن |
| ٢ | هۆگر محەمەد | کۆمپانیای کۆرەک تلیکۆم | لێپرسراوی بەشی بەبازاڕکردن/سلێمانی |
| ٣ | دلێر کەمال | کۆمپانیای قەیوان | لێپرسراوی بەشی راگەیاندن و ریکلام |
| ٤ | د.هیوا محەمەد عومەر | کۆمپانیای بەمۆ | لێپرسراوی بەشی بەبازاڕکردن |
| ٥ | پێشین ناسح حەمە ئەمین | کۆمپانیای ئالا/ ئاوی سلێمانی | بەڕێوەبەری راگەیاندن |
| ٦ | دیار محەمەد سدیق | کۆمپانیای سەفرە | بەڕێوەبەری بەشی بەبازاڕکردن |
| ٧ | دارا عەلی حسێن | کۆمپانیای دۆلفین C | بەڕێوەبەرو وتەبێژی رێپێدراوی کۆمپانیا |
| ٨ | عوبێد ئەحمەد سلێمان | کۆمپانیای دیوان | بەڕێوەبەرو وتەبێژی رێپێدراوی کۆمپانیا |
| ٩ | شاخەوان حەسەن رەزا | کۆمپانیای تامی خۆش/نەورەس | بەڕێوەبەری بەبازاڕکردن – سلێمانی |

2) هـەنگاو و رێکارییـەکانی ئەنجامـدانی چاوپێکەوتنەکـە: لـەم توێژینەوەیەدا، بەم شێوەی لای خوارەوەن:

أ. پرسیاری کراوەو داخراو و تەوەربەندکردنیان: توێژەر، لەم توێژینەوەیــەدا خــۆی وەڵامی بەشــێکی پرســـیارەکانی بەداخراوی ئامادەکردووەو بەرتوێژ لێیان هەڵدەبژێرێت، ئەنجامـەکانیش بـە خشـتە دەرهێـنراون، وەڵامی بەشـێکی تــری پرسیارەکانیشیـــ بــە کــراوەیی بــۆ بــەرتوێژان بەجێهێشـتووە بۆ ئەوەی بە بڕگەی جیاجیا بیخاتەڕوو و وەکیـەکیی وەڵامـەکان و جیـاوازیی نێوانیـان بـە رێـژەی ســەدیی دیــاری بکات،پرســیارەکانیش کــە بــریتین لـــــە(20)پرســـــیار، بەســـــەر دوو تـــــەوەردا دابەشـکراون،یەکێکیان تایبەتـە بـە دیـدی کۆمپانیاکـان سەبارەت بە بەبازاڕکردنی بازرگانی لە فەیسبوکدا، تەوەری دووەمیشــیان تایبەتــە بــە ئــەزموونیان لەگــەڵ کەناڵــە ئاسـمانییە هەواڵییە کوردییـەکانی هەرێمدا لەسـایەی ئەو دیاردەیەدا.

ب. کات و شوێنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە، بەم جۆرەیە:

- کــات: تــوێژەر لــە مــانگی 9 و 10ی 2022دا بــەپێی ئاســـانكاریی بــەرتوێژان، ســەرجەم چاوپێکەوتنــەکانی ئەنجامداوە بە هەر سێ شێوەی راستەوخۆو پەیوەندیی تەلـەفۆنی و ئاراسـتەکردنی پرسـیارەکان و وەرگرتنـەوەی

وەڵام و دووبــارە پەیوەندیکردنــەوەو کۆمێنــت دان و وەرگرتنی زانیاریی زیاتر.

- شـوێن: دوای پەیوەنـدیکردن بـە کۆمپانیاکانـەوە، لەگـەڵ ڕێپێدراوانیانـدا چاوپێکەوتنـەکان ئەنجامـدراوە، چ بـە سـەردانیکردنی ئۆفیسـەکانی ئـەو کۆمپانیایانـە یـان لـق و بریکارەکانیـان، یـان لەرێگـەی ئۆنلاینـەوە، یـان پەیوەنـدیی تەلەفۆنی لە شوێنی کارەکانیاندا.

ج) کەرەسـتەی جێبـەجێکردنی چاوپێکەوتنەکـە: بریتییـە لـە هەردوو ئامێری مۆبایلی زیرەك و ریکۆردەری ڕۆژنامەنووسی بۆ تۆمارکردنی چاوپێکەوتنەکان.

## تـــەوەری دووەم: ئەنجامـــەکانی لایـــەنی کـــرداریی توێژینەوەکە:

ئـەنجامی یەکــەم: تایبــەت بــە دیــدو بۆچــوونی کۆمپانیـا بازرگانییـەکانی جـێی ئـەم توێژینەوەیـە لـەبارەی بـەبازاڕکردنی بازرگـــانی لـــەتۆڕی کۆمەڵایـــەتیی فەیســـبوکداو ئـــەو تایبەتمەندییانەی کە ئەم تۆڕە لەخۆی گرتوون:

1) **سەبارەت بەوەی، بەبازاڕکردنی بازرگانی لە فەیسبوکدا، لە هەرێمی کوردستان، تا چەند بۆتە دیاردەو چۆن؟،** وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە بە(9)جار دووبارەبوونەوەو بە ڕێژەی(١٠٠٪) کۆکە لەسەر ئەوەی کە بۆتە دیاردە. بۆ نموونە: کۆمپانیای ئاسیاسێل، جەخت لەوە دەکاتەوە کـە بە شـێوازێك بۆتـە دیـاردە زۆربەی بازرگانـان پشـتی پێدەبەستن و بەبازاڕکردن بە ئۆنلاین لەلایەن هاوڵاتیانەوە زۆر زیادی کردووە. هەروەك کۆمپانیای کۆڕەك تلیکۆم-یش دەیڵێت، هۆکاری ئەوە ئەوەیە کە دەتوانیت خۆت بودجە دیاری بکەیت. کۆمپانیای بەمۆ هەمان رای هەیە، بەڵام سەرنجی ئەوەیە کە بە شیوەی زانستی و دروست کاری لەسەر ناکرێت. کۆمپانیای دۆلفین C پێی وایە بۆتە دیاردە، بەڵام وەك وڵاتانی دەرەوە نا، ئەو وای دەبینێت کە ئەم دیاردەیە لە ئێستادا خەریکە لەسەرخۆ جێی خۆی دەگرێت و زۆرینەی کۆمپانیاکان پەیجی تایبەتی خۆیان لە فەیسبوکدا هەیە کە لە رێیەوە ریکلام دەکەن و کڕیار بە بەرهەمەکانیان زیاتر ئاشنا دەبێت.

2) **لەبەرامبەر پرسیاری ئەوەی ئاخۆ بەبازاڕکردنی بازرگانی لـە فەیسـبوکدا، بـە بـەراورد بـە قۆنـاغی سـەرهەڵدانی، زیـادی کـردووە؟ تـا چ رادەیـەك و چـۆن؟** دیـدی کۆمپانیاکان بە(8)جار دووبارەبوونەوەو بە ڕێژەی(88%8) وەکیەکە لەسەر ئەوەی کە زیادی کردووە. بۆ نموونە، هەردوو کۆمپانیای دیوان و کۆمپانیای ئاڵا/ئاوی سلێمانی وای دەبینن کە نەك هەر ئەم جۆرەی بەبازاڕکردن زیادی کـردووە، بـەڵکو زیـاتریش دەکات. لـە ئێسـتادا هـەروەك کۆمپانیـای سـەفرە دەیڵێت، فەیسـبوك لـە کوردسـتاندا میسـداقییەتی هەیـە، زۆر ئەپلیکەیشـنی تـر هەیـە وەك سـناپچات و ئینسـتاگرام وهتـد، کـە کۆمپانیاکـەیان لـە زۆربەیاندا چالاکن، بابەتەکە بەپێی شـوێن و جێندەریش دەگۆڕێـت، بـەڵام کڕیـار، لەدیـدی ئەوانـدا، بـە زۆری لـە فەیســـبوکدایە، چونکـــە هـــەروەك کۆمپانیـــای تامیخۆش/نەورەس دەیڵێت، فەیسبوك ئاسانکاریی زۆری کـردووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا بەدووبارەنـەووەی(1)جـار بـە ڕێژەی(11%1) بۆچوونێکی تری جیاواز هەیە. کۆمپانیای بــەمۆ پێیوایــە کــە لە ئێســتادا بەهــۆی جــۆرایەتی پلاتفۆرمەکـــانەوە بەراورد بەجـــاران فەیســـبوك لە پاشەکشەدایە، چونکە نەوەی نویێ زیاتر پلاتفۆرمەکانی تر بەکاردەهێنن کە لەگەڵ خواستەکانی خۆیاندا ئەگونجێت وەك(تیکۆك، سناپ، یوتوب).

3) **ســـەبارەت بـــەوەی ئایـــا بـــەبازاڕکردنی بازرگـــانی لەفەیسبوکدا، بۆتە ئامرازێکی بەبازاڕکردن بۆ ناساندنی پـرۆژە بازرگانییەکان(گـەورە تـا بچـووك) لـە هـەرێمی کوردســـتاندا؟** بـــە(9)جـــار دووبارەبوونـــەوەو بـــە ڕێژەی(100%) تـەواوی کۆمپانیاکان وەڵامیان ئەوەیە کە بۆتە ئامرازێکی بەبازاڕکردن بۆ هەموو پرۆژەکان. کۆمپانیای ئاسیاسـێل وای دەبینێـت کـە نەک بـووە بە ئامرازێـک تەنــانەت بــووە بە نەریــت بــۆ بزنســەکان کە یەکەم کارکردنیان بـۆ بازاڕکردن دانانی پەیجێکە لە فەیسـبووک، کۆمپانیای قەیوان پێیوایە فەیسبووک ئامرازێکی کاریگەرە بۆ ناساندنی هەر پرۆژەیەکی بازرگانی بەخەڵک، کۆمپانیای ئاڵا/ئاوی سلێمانی-یش دەڵێ: ئێستا هەر پرۆژەیەکی نوێی بازرگانی دابنرێت، یەکەمین هەنگاو ئەوەیە کە لـەم تـۆڕە کۆمەڵایەتییەوە ئیشی بۆ بکەیت،.

4) **سـەبارەت بـەوەی ئایـا کۆمپانیاکـان باوەڕیـان وایـە کـە بـــەبازاڕکردنی بازرگـــانی لەفەیســـبوکدا، جـــەماوەرێکی ئەکتیڤی هەیە، واتە جەماوەرێکە هەم وەرگری پەیامی بەبازاڕکردنەوە، هەم خۆیشی نێرەری پەیامی بەبازاڕکردنە لەرێگـەی هەژمارەکەیـەوە، یـان لاپەڕەکـەی؟** مشـتەی توێژینەوەکـــە، بـــە(7)جـــار دووبارەبوونـــەوەو بەڕێژەی(77%7)، وای دەبینن کە جەماوەری فەیسبوك ئەکتیڤە. بۆ نموونە کۆمپانیای تامی خۆش/نەورەس باس لـە کـارایی جەماوەرەکـە دەکـات، بەتایبـەتی ئەگـەر لـە پرۆسـەی بەبازاڕکردنەکـەدا تیروپشـکی تێـدا بێـت کـە کەسانێکی زۆر بڵاوی دەکەنەوە. کۆمپانیای سەفرە-ش بە جــەماوەرێکی ئــەکتیڤی دەبینێــت و جەماوەرەکــەش زۆربەیان گەنجن، ئەوان زۆرترین کۆمێنتمان بۆ دێت. بۆ زانینی ئەو کاراییەی بەشدارانی فەیسبوکیش، پێشبڕکێیان

دانـاوە کـە بەهۆیـەوە ئـەکتیڤی جەماوەرەکـەیان بۆیـان دەردەکـــەوێت. بەدووبارەبوونـــەوەی(2)جـــارو بـــە رێــژەی(22%2)یـش بۆچوونیـان جیـاواز هەیـە کـە هی کۆمپانیـــای کـــۆرەك تیلیکـــۆم وکۆمپانیـــای بـــەمۆ-یە،یەکەمیان ئاماژە بە کەمبوونەوەی جەماوەری ئەکتیڤ دەکات لەفەیسبوکدا، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ریکلامێکی زۆر لـە فەیسبوکدا دەکرێت، دووەمیشیان پێیوایـە کـە بەهـۆی شـەپۆلی زیـاتری هـاتنە نـاوەوەی پلاتفـۆرمی نـوێ و بەهێزتـرەوە، جـەماوەری ئـەکتیڤی فەیسبوك کەمتر بۆتەوە.

5) **سەبارەت بەوەی ئایا بەبازاڕکردنی بازرگانی لەفەیسبوك، وەك کەناڵــە ئاســمانییەکان، توانییــەتی فۆرمــەکانی نــاوەڕۆك وەك دەنـــگ، ڤیـــدیۆ، دەق، گرافیـــك، ئەنیمەیشـن، فۆتـۆ، GIF، لـە پەیامـە ریکلامییەکانیـدا بـــەکاربهێنێت؟** وەڵامی کۆمپانیاکـــان بـــە(9)جـــار دووبارەبوونەوەو بە رێژەی (100%) ئەوەیە کە فەیسبوك هـەموو فۆرمـەکانی نـاوەڕۆك بـەکاردەهێنێت. کۆمپانیـای ئاسیاسـێل دەڵێت: فەیسـبوك لـەو بارەوە تەنانەت وەك کەنـاڵێکی سـەربەخۆیان لێهاتووە، کۆمپانیای دیوان-یش وای دەبینێت کە فۆرمەکانی ناوەڕۆکی لـە تەلەفزیۆنـەکان زیاترە، بەڵام بە کەمی بەکار دەهێنرێت.

6) **سـەبارەت بـەوەی لەفەیسـبوکدا، رێگـەی خـۆڕایی(بێ بەرامبــەر/بێ تێچــوو) هەیــە بــۆ بــەبازاڕکردنی کــاڵاو بەرهــەم، ئــاخۆ کۆمپانیاکــان چــۆن دەڕواننــە ئــەم تایبەتمەندێتییــە؟ بەدیــدی ئــەوان، رۆڵی هەیــە لــە بـــــەبازاڕکردنی بازرگانیـــــداو چـــــۆن؟** بــە(9)جــار دووبارەبووونــەوەو بــە رێـــژەی (100%) کۆمپانیاکـــان هاودیـدن کـە ئـەم تایبەتمەندییـە هەیـەو بایـەخی خـۆی هەیە. بۆ نموونە، کۆمپانیای ئاسیاو کۆمپانیای قەیوان و کـەمپانیای سـەفرە وای دەنـرخێنن کـە خزمەتگوزارییـەکی بـاش و بەسـوودە، بـەڵام وای دەبیـنن کـە زیـاتر پـرۆژە بازرگانییە بچووکەکان سوودی لێ وەردەگرن، چونکە لە فەیسبوکدا بۆ ئەوەی زۆرترین بەکارهێنەر کاڵاکانت ببینن دەبێ سپۆنسەر بۆ ریکلامەکانت بکەیت.

7) **سـەبارەت بـەوەی لـە پرۆسـەی بەبازاڕکردنی بازرگانیـدا لەفەیسـبوك بڵاوکردنـەوەی ریکلام هەیـە لەبەرامبـەر بڕێـــــك پـــــارەدا کـــــە پـــــێی دەوترێـــــت(الإعلان المـدفوع/Sponsor)، ئایا ئەمـە بـۆ ئـەوان تـا چەنـد تێچووی کەمترە لە تێچووی ریکلامکردنیان لە کەناڵە ئاســـمانییەکاندا؟**، بــە(9)جــار دووبارەبوونــەوەو بــە رێژەدی(100%) هەموو کۆمپانیاکان ئەم تایبەتمەندییەی فەیسبوك بە گرنگ ئەزانن. کۆمپانیای ئاڵا/ئاوی سلێمانی ئــەوە بــیر دەخاتــەوە کــە تایبەتمەندییــەکی باشــەو تێچووەکەی لە فەیسبوك زۆر لە تێچووی ریکلامکردن لە کەناڵـەکان کـەمترە، کۆمپانیای دۆلفین C یش بەهـەمان شـێوە جـەخت لـە کـەمیی تێچـووی سپۆنسـەر دەکات، کۆمپانیای تامی خۆش/نەورەس-یش دەڵێ جگە لـەوەی تێچـووی کـەمترە، بینـەرێکی زیاتریشی- هەیـە لەکەناڵـە ئاسـمانییەکان، ئاسیاسـێل ئـەوەش بـیر دەخاتـەوە کـە تێچووەکە بەپێی پۆست و کات و شێوازی بڵاوکردنەوەی، دەگۆڕێت.

8) **ســـەبارەت بـــەوەی فەیســـبوك، لەریکلامـــە پارەدراوەکانیدا(المــدفوع/Sponsored)، دەتوانێــت پێشوەخت جۆر، قەبارە، رێژە، تەمەن_ی جەماوەری بـەئامانجکراو دەستنیشـان بکـات کـە ریکلامەکـەی ئاراســتە دەکــات، کۆمپانیــان چــۆن ســەیری ئــەم تایبەتمەندێتییـــــــــە دەکـــــــــەن بـــــــــۆ پەیوەندیگرتن(التواصــل)لەگەڵ کڕیارانتانــدا(الزبون)؟** بــە(9)جــار دووبارەبوونــەوەو بــە رێــژەی(100%)، کۆمپانیاکان ئـەم تایبەتمەندییـە بـە کـرۆکی جیاکردنـەوەی تـوێژە کۆمەڵایەتییـەکانی دەزانـن لـە میـدیای سـوننەتی. بـۆ نموونـە، کۆمپانیای دیوان بە تایبەتمەندییەکی زۆرباش و یارمەتیدەر باسی دەکات بۆ کۆکردنەوەی بینەرەکانیان لەو کەسـانەی کـە لەگـەڵ سروشـتی کارەکەیانـدا دەگـونجێن. کۆمپانیای بەمۆ ئەوە بیر دەخاتەوە کە ئەوان بۆ ئەوەی کەمپینێك بکەن بۆ عێراق پێویست ناکات بینەرەکانیان لە تورکیا بێت، ئەگەر ریکلام بکەن بۆ برنج تارگێتی کڕیاریان بـە تەمـەن (25+) دەبێت، بـەڵام ئەگـەر بـۆ کـۆلا-یـەکی بکەن تارگێتی تەمەن(25-) دەبێت، ئەوەشیان بەلاوە دڵی ئیشەکەیە.

9) **دەربارەی ئەوەی لەهەژمارو لاپەڕەی کۆمپانیاکاندا لە فەیسـبوك، بـوار هەیـە کـە پەیامـە ریکلامییـەکان، بـەبێ بەرامبـەر، دووبـارە بکرێنـەوە و بینینەوەشـیان لـە ژێـر کـــۆنترۆڵی بەکارهێنـــەری فەیســـبوك خۆیدایـــەو، کۆمپانیاکان چـۆن ئـەم تایبەتمەندییـە هەڵسـەنگێنن؟،** بە (7)جار دووبارەبوونەوەو بە رێژەی**(77%7)**ی وەڵامی کۆمپانیاکـان ئەوەیـە کـە سـوود لـەم تایبەتمەندییـە وەردەگرن. بـۆ نموونە کۆمپانیای ئاسیاسێل سوودەکەی لەوەدا دەبینێت کە لەژێر کۆنترۆڵ بەکارهێنەردایەو بەپێی ویست و خواستی خۆی پۆستەکان دەبینێت. کۆمپانیای سەفرە-ش ئاماژە بەوە دەکات هەندێ پۆست کە دەیکەن و بۆیان دەردەکەوێت کە کاریگەرن دووبارەیان دەکەنەوە، یەکێك لە باشییەکانی فەیسبوکیشیان بەلاوە ئەوەیە کە راستەوخۆ کاریگەرییەکەی دەبینرێت و دەزانرێت کە چەند

کەس بینیویەتی و پێی گەیشتووەو کۆمێنتەکانت دەگاتەوە دەست، بەڵام لە تەلەفزیۆنەکاندا وانییە، دەبێ توێژینەوە بۆ بازاڕەکە بکەیت و ئەوسا بزانیت بۆچوونەکان چۆن و چین. کۆمپانیای ئاڵا/ئاوی سلێمانی بۆچوونێکی تری هەیەو زۆر سوودیان لەو تایبەتمەندییە وەرنەگرتووە. کۆمپانیای دیوان-یش وای دەبینێت کە ئەگەر ریکلامەکە بێ بەرامبەر بێت کەمتر بڵاو دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر بابەتەکە سەرنجڕاکێش نەبێت.

10) **سەبارەت بە ئاشنایەتی کۆمپانیاکان بە تایبەتەندێتییە کارلێککارییەکان(التفاعلیة)لە پرۆسەی بەبازارکردندا لە فەیسبوک، بەتایبەتی کە دەتوانرێت وەڵامی کۆمێنتەکانی بەکارهێنەری فەیسبوک بدرێتەوەو زانیاریی زیاتری لەبارەی کاڵاو بەرهەمەکانەوە پێبدرێت و، دیدی ئەوان لەبارەی ئەم تایبەتمەندییەوە؟** بە(9)جار دووبارەبوونەوەو بە رێژەی**(100%)** وەڵامی کۆمپانیاکان ئەوەیە کە بەو تایبەتمەندییە ئاشنان و زۆرباشیشە. بۆ نموونە کۆمپانیای قەیوان جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەوە دەتوانن وەڵامی کۆمێنتی بەکارهێنەرانی فەیسبوک بدەنەوەو زانیاریی زیاتریشیان ئاراستە بکەن و بەپەیوەندیی دەنگییش لەسەر هێڵ بن لەگەڵیاندا. کۆمپانیای ئاسیاسێڵ ئەم تایبەتمەندییە زۆر بەگونجاو دەبینێت، پێیوایە ئێستا هاوڵاتیان گرنگی بە سۆشیال میدیا دەدەن بەتایبەتی گەنجان، هەر لەبەر ئەوەشە کۆمپانیاکەیان بەشی راژەی بەشداربووانی لە سۆشیال میدیادا داناوە. کۆمپانیای کۆڕەك تلیکۆم، بەباشی دەزانێت، بەڵام بەکاری ناهێنێت. کۆمپانیای بەمۆ بەشی خستنەڕووی زانیاری هەیە کە وەك B2C وەڵامی داواکاریی کڕیاران دەداتەوە، کاری خێرخوازی و ژینگەیی و کەمپینیش دەکات بۆ ئەوەی کڕیار بجوڵێنێت.

11) **سەبارەت بەو داتایانەی کە تۆڕی فەیسبوک لەبارەی بەکارهێنەرانی و پێویستی و ئارەزووەکانیانەوە دەیانخاتە بەردەست، و، رۆڵی لە لەئاشناکردنی کۆمپانیاکان بە خواست و پێویستییەکانی کڕیار؟** بە(8)جار دووبارەبوونەوەو بە رێژەی**(88%)** وەڵامی کۆمپانیاکان ئەوەیە کە بەم تایبەتمەندییەی فەیسبوك ئاشنان و سوودیان لێ بینیوە. بۆ نموونە، کۆمپانیای سەفرە پێیوایە ئەو داتایانە ئەوانەن کە تۆ وەك کۆمپانیا ئیشت پێیانە، سەرنجی ئەوەیە کە پێویستە ئەو داتایانە هاندەربن بۆ ئەوەی کار بکەیت ئەوانەی تریش کە حەزو ئارەزووی تریان هەیە ئەوانیش خواستیان بۆ دروست ببێت لەسەر بەرهەمەکان. کۆمپانیای تامی خۆش/نەورەس سوود وەردەگیرێت لە ئامارەکانی فەیسبوك و داتاکانی.کۆمپانیای ئاسیاسێل جەخت لەوە دەکاتەوە کە تایبەتمەندییەکە ئاسانکاری کردووە بۆ دیاریکردنی کڕیارو خواستەکانی و گونجاندنی لەگەڵ ئامانجی فرۆشیاردا. بەڵام بە(1)جار دووبارەبوونەوەو بەرێژەی(11%1) کە گوزارشتە لە دیدی کۆمپانیای ئاڵا/ئاوی سلێمانی، سوود لەم تایبەتمەندییە وەرناگیرێت و بەکار نەهێنراوە.

12) **بەپێی زۆر توێژینەوە، دەرکەوتووە کە زۆربەی جەماوەر رۆژانە زیاتر بەرکەوتنیان لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتی فەیسبوکدا هەیەو کەمتر سەیر کەناڵە ئاسمانییەکان دەکەن، پرسیارێك کە رووبەڕووی کۆمپانیاکان بۆتەوە ئەوەیە: ئایا ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە کۆمپانیاکان بۆ دەستگەیشتنیان بەجەماوەرێکی زۆرتر، زیاتر روو بکەنە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەبازاڕکردن و ریکلامی بازرگانی؟** بە(9)جار دووبارەبوونەوەو بە رێژەی**(100%)** دیدی کۆمپانیاکان ئەوەیە کە کڕیارو بەکارهێنەران روویان کردۆتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتی فەیسبوك، بۆیە کۆمپانیاکانیشیان بۆ بەبازاڕکردنی بازرگانی پەنا بۆ ئەو تۆڕانە دەبەن. بۆ نموونە، کۆمپانیای دۆلفین C دانبەوەدا دەنێت کە کڕیاران زیاتر رووەدەکەنە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هاوکات پێیوایە کەناڵە ئاسمانییەکانیش رۆڵی خۆیان هەیە، دیدی کۆڕەك تلیکۆم-یش هەروایەو پێیوایە کاتێك کە خەڵك رووەدەکاتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی لەسەر ئەوە هەیە کە کۆمپانیاکانیش بایەخی زیاتر بەو تۆڕانە بدەن، بەڵام بە مانای ئەوە نییە کە کۆمپانیا پشت لە کەناڵە ئاسمانییەکان بکات.

13) **سەبارەت بەوەی ئایا لە رووی بودجەو تێچوونەوە، هەموو کۆمپانیایەك دەتوانێت لەیەککاتدا بەبازاڕکردنی بازرگانی لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لەکەناڵە ئاسمانییە بەناوبانگەکانیشدا بکات؟ ئەگەر نەتوانێت، بژاردەی چییە؟ کام ئامرازی راگەیاندن گونجاوترە کە پەنای بۆ بەرن، کەناڵە ئاسمانییەکان، یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؟.** کۆمپانیاکان بۆ سەر چەند دیدێك دابەش دەبن، بە(5)جار دووبارەبوونەوەو رێژەی(٥٥٪) پێیانوایە کە هەردوو ئامرازەکە بۆ بەبازاڕکردن گونجاون، بژاردەکە دەکەوێتە سەر جۆری ئەو پرۆژەیەی کە بەبازاڕکردنی بۆ دەکرێت. لەم رووەوە، هەریەکە لە کۆمپانیاکانی سەفرە، ئاسیاسێل، بەمۆ، دیوان، کۆڕەك تلیکۆم ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێ پرۆژە هەن کە سەرمایەکەیان زۆر گەورەیە، بۆیە لە بەبازاڕکردندا

کەمپینیان بۆ دەکەن، واتە هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بۆ بەکاردەهێنن، هەندێ پرۆژەو بەرهەمیش هەن کە ناتوانرێت بودجەی زۆریان بۆ تەرخان بکرێت و پێویستیش ناکات، بۆیە زیاتر لەرێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەبازاڕکردنیان بۆ دەکرێت. واتە پەیوەندیی بە بودجە و ئامانجەکانی کۆمپانیاکەوە هەیە و هەروەها شێوازی بزنسەکە و کڕیارەکانی. لە بەرامبەردا، بە(4)جار دووبارەبوونەوەو بەرێژەی(٤٪٤٤)یش، دیدی کۆمپانیاکان ئەوەیە کە بژاردەکە زیاتر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. بۆ نموونە، کۆمپانیای ئاڵا/ئاوی سلێمانی وای دەبینێت کە ئێستا کەناڵە ئاسمانییەکان رۆڵی جارانیان نەماوە، بۆیە بە نرخێکی کەم دەتوانرێت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەبازاڕکردنی خۆت ئەنجام بدەیت. کۆمپانیای دۆلفین C دیدی وایە کە بەپێی باری دارایی و قەبارەی کۆمپانیاکە دەگۆڕێت، بەڵام تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بژاردە ئاسانترەکەیەو هەموو کەس دەتوانێت بەکاری بهێنێت. کۆمپانیای تامیخۆش/نەورەس جەخت لەوە دەکاتەوە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ زۆر کۆمپانیا گونجاوترە. کۆمپانیای قەیوان پێیوایە هەموو کۆمپانیایەك ناتوانێت لەیەککاتدا کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بۆ بەبازاڕکردن بەکاربهێنێت، بۆیە ئەوان ئەگەرچی هەردووکی بەکاردەهێنن، بەڵام تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان پێ گونجاوترە بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە تواناکانیان سنوردارە.

14) **سەبارەت بەو هەموو تایبەتمەندییانەی کە بەبازاڕکردنی بازرگانی لە فەیسبوکدا هەیەتی و بەهۆی بەرەو سەندنیشیەوە، ئایا ئەمە دەبێتە مایەی دڵەڕاوکێ(قلق) بۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بەتایبەتی لەوەی کە ببێتە ئامرازێکی کێبەرکێکار(منافس) لە بەرامبەریاندا؟** بە(7)جار دووبارەبوونەوەو بە رێژەی**(77%7)** دیدی مشتەی توێژینەوەکە ئەوەیە کە بەبازاڕکردن لە فەیسبوك و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە گشتی ئەو دڵەڕاوکێیەی بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان دروستکردووە. بۆ نموونە، کۆمپانیای ئاڵا/ئاوی سلێمانی رای وایە تۆڕی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر کەناڵە ئاسمانییەکاندا ئامرازێکی زۆر کێبەرکێکارە، کۆمپانیای ئاسیاسێل دیدی وایە کە بەهۆی زیاتر بەکارهێنانیان لەلایەن هاوولاتیانەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك تارادەیەك بوونەتە جێی ترسی کەناڵە ئاسمانییەکان، لای کۆمپانیای دۆلفین C هێشتا کەناڵە ئاسمانییەکان جەماوەری خۆیان هەیە، بەڵام رەنگە لەبەر کەمی کات و ئاسان دەستگەیشتنی خەڵك بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو مەترسییە بۆ کەناڵەکان دروست ببێت، کۆمپانیای دیوان دیدی وایە کە کەناڵە ئاسمانییەکان خۆیشیان لە رێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە جەماوەر بۆخۆیان پەیدا دەکەن، کۆمپانیای سەفرە دەڵێت کەناڵە ئاسمانییەکان خۆیشیان بەوە دەزانن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە کێبەرکێکاریان، واتە دەزانن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی نموونەی فەیسبوك جەماوەریان زۆرترە. بە(2)جار دووبارەبونەوەو بە رێژەی (22%2)ی کۆمپانیاکان بۆچوونی تریان هەیە. کۆمپانیای کۆرەك تلیکۆم و کۆمپانیای تامیخۆش/نەورەس وای دەبینن کە هەریەکەیان جەماوەری خۆی هەیە، واتە دان بە کێبەرکێکەدا دەنێن بەڵام پێیان وانییە کە دڵەڕاوکێ بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان دروستکردبێت.

15) **سەبارەت بەوەی بەبازاڕکردنی بازرگانی لە فەیسبوکدا کە تایبەتمەندیی ریکلامکردنی خۆڕایی و ریکلامی پارەدراوی کەم تێچووی هەیە، ئایا ئەمە تا چەند رەنگدانەوەی لەسەر کەمبوونەوەی داهاتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبێت لەبواری ریکلامدا؟** بە(8) دووبارەبوونەوەو بە رێژەی(88%8) دیدی کۆمپانیاکان ئەوەیە کە کاریگەریی لەسەر داهاتی ریکلامی کەناڵە ئاسمانییەکان دروستکردووە. کۆمپانیای قەیوان جەخت لەوە دەکاتەوە کە تایبەتمەندییەکانی فەیسبوك وای کردووە ریکلامکردن لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا کەم ببێتەوە. ئاسیاسێل دیدی وایە کە تێچووی ریکلام لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوکدا کەمترە، بۆیە کاریگەریی لەسەر داهاتی ریکلامی کەناڵەکان دەبێت. کۆمپانیای دۆلفین C دەڵێت ئەگەر خەڵك زیاتر رووبکەنەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا کەناڵە ئاسمانییەکان ناچار ئەبن نرخی ریکلام کەمبکەنەوە لەپێناوی پاراستنی بەردەوامیی کارکردن لەگەڵ شوێنە بازرگانییەکان. بە(1)جار دووبارەبونەوەو بەرێژەی(11%1)ی مشتەی توێژینەوەکەش کە گوزارشت لە دیدی کۆمپانیای بەمۆ دەکات، بۆچوونێکی جیاوازی هەیە. ئەم کۆمپانیایە وایدەبینێت کە بەبازاڕکردن لە فیسبوك زۆر رەنگدانەوەی لەسەر کەناڵە ئاسمانییەکان نییە، چونکە نرخی ریکلامی کەناڵەکان یان وەکو خۆیانە یان زیادی کردووە.

**ئەنجامی دووەم: تایبەت بە ئەزموونی کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لە ریکلامکردنیاندا لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستاندا.** خشتەی ژمارە(2): بەو پێیەی کە ئێستا کۆمپانیا

بازرگانییەکان بۆ بەبازاڕکردن پشت بە فەیسبوکیش، ئایا ئەبێ ڕێژەی ریکلامکردن_ی کۆمپانیاکانی مشتەی توێژینەوەکە لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، چۆن بێت؟

| برگەو هاوکێشەی ژمێرەیی / مشتەی توێژینەوە | وەڵام | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| (٩) کۆمپانیا بازرگانیی هەرێمی | کەمی کردووە | ٤ | ٤٤%٤ | یەکەم |
| | وەکو خۆیەتی | ٤ | ٤٤%٤ | یەکەم |
| | زیادی کردووە | ١ | ١١%١ | دووەم |

- وەك لەخشتەی(2)دا هاتووە، وەڵامی(کەمی کردووە)،(4)جار دووبارەبۆتەوەو ڕێژەی(44%4)ی مشتەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت کە گوزارشتە لە ئەزموونی کۆمپانیاکانی سەفەر، ئاوی سلێمانی، نەورەس، دیوان. وەڵامی(وەکو خۆیەتی)، (4)جار دووبارە بۆتەوەو ڕێژەی(44%4)ی مشتەی توێژینەوەکەیە کە دەربڕی ئەزموونی کۆمپانیاکانی بەمۆ، دۆلفین C، ئاسیاسێڵ، قەیوان-ە. وەڵامی(زیادیکردووە)،(1)جار دووبارە بۆتەوەو ڕێژەی(**11%**)ی مشتەکەیە کە بریتییە لە ئەزموونی کۆمپانیای کۆرەك تلیکۆم.
- ئەم ئەنجامە، ئەوە دەردەخات کە بەپێی ئەزموونی مشتەی ئەم توێژینەوەیە هێشتا کەناڵە ئاسمانییەکان لە کێبەرکێدان لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوکداو ئەگەر نزیکەی نیوەی کۆمپانیاکان ریکلامیان لەلای کەناڵەکان کەم کردبێتەوە، ئەوا هێشتا زیاتر لە نیوەیان لەلای ئەو کەناڵانە ریکلام بۆ بەرهەم و کاڵاکانیان دەکەن.

16) خشتەی(3): بەبۆنەی ئەو سوودو تایبەتمەندییانەی کە بەبازاڕکردنی بازرگانی لە فەیسبوکدا هەیەتی، ئایا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نرخی ریکلامکردنیان بۆ کۆمپانیاکان کەم کردۆتەوە بۆ ئەوەی ریکلامیان لەلایان بەردەوام بێت؟

| برگەو هاوکێشەی ژمێرەیی / مشتەی توێژینەوە | وەڵام | دووبارەبوونەوەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| (٩) کۆمپانیا بازرگانیی هەرێمی | نەخێر | ٥ | ٥٥%٥ | یەکەم |
| | بەڵێ | ٤ | ٤٤%٤ | دووەم |

- وەك لەخشتەی(3)دا دیارە، وەڵامی(نەخێر)،(5)جار دووبارەبۆتەوەو ڕێژەی(55%5)ی مشتەی توێژینەوەکەیە کە دەربڕی ئەزموونی کۆمپایاکانی ئاسیاسێڵ، نەورەس، کۆرەك، دۆلفین C، بەمۆ-یە، وەڵامی(بەڵێ)(4)جار دووبارە بۆتەوەو ڕێژەی(44%4)ی مشتەکەیە کە بریتین لە ئەزموونی کۆمپانیاکانی قەیوان، دیوان، سەفەرە، ئاوی سلێمانی.
- ئەم ئەنجامە، بەپێی ئەزموونی مشتەی ئەم توێژینەوەیە، ئەوە دەگەیەنێت کە هێشتا(55%5)ی کەناڵە ئاسمانییەکان، لەرووی نرخی ریکلامەوە، نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بەبازاڕکردنی بازرگانیی فەیسبوکەوە و نرخیان جێگیرە.

17) سەبارەت بەوەی ئایا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، چەندێك لەم ڕێکارییانەی لای خوارەوەیان گرتۆتەبەر لەگەڵ کۆمپانیاکاندا بۆ ئەوەی ریکلامی کۆمپانیاکان لەدەست نەدەن؟ وەڵامەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوەن:

أ) خشتەی(4): دروستکردنی پەیوەندیی Contact نوێ لەگەڵ کۆمپانیاکاندا بۆ ڕێکەوتن لەسەر ریکلامکردن بۆیان بەقیست.

| برگەو هاوکێشەی ژمێرەیی / مشتەی توێژینەوە | وەڵام | دووبارەبوونەوەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| (٩) کۆمپانیا بازرگانیی هەرێمی کوردستان | بەڵێ | ٥ | ٥٥%٥ | یەکەم |
| | نەخێر | ٤ | ٤٤%٤ | دووەم |

- وەك لەخشتەی(4)دا دیارە، وەڵامی(بەڵێ)(5)جار دووبارەبۆتەوەو ڕێژەی(55%5)ی مشتەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت کە دەربڕی ئەزموونی کۆمپانیاکانی بەمۆ، قەیوان، ئاوی سلێمانی، کۆرەك، دۆلفین C-ە. وەڵامی(نەخێر)یش(4)جار دووبارەبۆتەوەو ڕێژەی(44%4)ی مشتەکەیە کە بریتین لە ئەزموونی کۆمپانیاکانی ئاسیاسێڵ، دیوان، نەورەس، سەفەرە.
- ئەم ئەنجامە، بەپێی ئەزموونی زۆربەی کۆمپانیا بازرگانییەکانی مشتەی توێژینەوەکە، بە واتای ئەوەیە کە ئەو ڕێکارە لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە بۆ (55%5)ی کۆمپانیاکان، ئەنجامدراوە.

ت) خشتەی(5): دروستکردنی پەیوەندیی نوێ لەگەڵ کۆمپانیاکاندا بۆ ڕێکەوتن لەسەر ریکلامکردن بۆیان بە هەلی داشکاندن.

| برگەو هاوکێشەی ژمێرەیی / مشتەی توێژینەوە | وەڵام | دووبارەبوونەوەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| (٩) کۆمپانیا بازرگانیی هەرێمی | بەڵێ | ٦ | ٦٦%٦ | یەکەم |
| | نەخێر | ٣ | ٣٣%٣ | دووەم |

- وەك لەخشتەی(5)دا هاتووە، وەڵامی(بەڵێ)،(6)جار دووبارە بۆتەوەو ڕێژەی(66%6)ی مشتەی توێژینەوەکەی بەدەستهێناوە کە بریتین لەئەزموونی کۆمپانیاکانی دۆلفین C، قەیوان، ئاوی سلێمانی، سەفەرە، کۆرەك. وەڵامی(نەخێر)یش(3)جار دووبارەبۆتەوەو ڕێژەی(33%3)ی مشتەکەیە کە دەربڕی ئەزموونی کۆمپانیاکانی بەمۆ، دیوان، ئاسیاسێڵ-ە.
- ئەم ئەنجامە، بەپێی ئەزموونی مشتەی توێژینەوەکە، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو ڕێکارە لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە بۆ (66%6)ی کۆمپانیاکان، ئەنجامدراوە.

ث) خشتەی (6): دروستکردنی پەیوەندیی نوێ لەگەڵ کۆمپانیاکاندا بۆ ڕێکەوتن لەسەر ریکلامکردن بە قەرزی درێژخایەن.

| برگەو هاوکێشەی ژمێرەیی / مشتەی توێژینەوە | وەڵام | دووبارەبوونەوەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| (٩) کۆمپانیا بازرگانیی هەرێمی کوردستان | بەڵێ | ١ | ١١%١ | دووەم |
| | نەخێر | ٨ | ٨٨%٨ | یەکەم |

- وەك لەخشـــــــــــتەی(6)دا دەرکـــــــــــەوتووە، وەڵامی(نەخێر)،(8)جار دووبارە بۆتەوەو ڕێژەی(88%8)ی مشتەی توێژینەوەکەیە کە دەربڕی ئەزموونی کۆمپانیاکانی ئاسیاسـێل، دیـوان، نـەورەس،کۆڕەك، بـەمۆ، دۆلفـینC، سەفرە، قەیوان-هـ، وەڵامی(بەڵێ)یش تەنها(1)جار دووبارە بۆتـەوەو ڕێـژەی(11%1)ی مشـتەکەیە کـە گوزارشـتە لـە ئەزموونی کۆمپانیای ئاوی سلێمانی.
- ئـەم ئەنجامـە، مانای وایـە ئـەو ڕێکارییـە لەلایـەن کەناڵـە ئاسـمانییەکانـەوە بـۆ (88%8)ی کۆمپانیاکـان، ئـەنجام نەدراوە.

ج. خشـتەی (7): دروسـتکردنی پەیوەنـدیی نـوێ لەگـەڵ کۆمپانیاکانـدا بـۆ ڕێکـەوتن لەسـەر زیـادکردنی جارەکـانی دووبارەبوونەوەی ڕیکلام بۆ بەرهەمەکانیان لەماوەی 24 کاژێری پەخشی کەناڵدا.

| برگەو هاوکێشەی ژمێرەیی / مشتەی توێژینەوە | وەڵام | دووبارەبوونەوەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| (٩) کۆمپانیا بازرگانیی هەرێمی کوردستان | بەڵێ | ٦ | ٦٦%٦ | یەکەم |
| | نەخێر | ٣ | ٣٣%٣ | دووەم |

- وەك لەخشتەی(7)دا دەرکەوتووە، وەڵامی(بەڵێ)،(6)جار دەربارە بۆتەوەو ڕێژەی**(66%6)**ی مشتەی توێژینەوەکەی بەدەستهێناوە کە بریتییە لەئەزموونی کۆمپانیاکانی بەمۆ، کـۆڕەك، دۆلفـین C، نـەورەس، ئـاوی سـلێمانی، قـەیوان. وەڵامی(نـــەخێر)یش(3)جـــار دوبارەبۆتـــەوەو بـــە ڕێژەی(33%3)هـ کە گوزارشـتە لەئەزموونی کۆمپانیاکانی سەفرە، دیوان، ئاسیا.
- ئـەم ئەنجامـە، بـەپێی ئـەزموونی کۆمپانیاکـانی مشـتەی توێژینەوەکەوە بە واتای ئەوەیە کە ئەو ڕێکارییە لەلایەن کەناڵـــە ئاســـمانییە کوردییەکانـــەوە بـــۆ(66%6)ی کۆمپانیاکان ئەنجام دراوە.

د. خشتەی(8): بەرزکردنەوەو باشکردنی کوالیتی ئامادەکردن و مۆنتـاژو دەرهێنـانی هونـەریی کەناڵـە ئاسـمانییەکان بـۆ پەیامە ڕیکلامییەکانی کۆمپانیاکان.

| برگەو هاوکێشەی ژمێرەیی / مشتەی توێژینەوە | وەڵام | دووبارەبوونەوەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| (٩) کۆمپانیا بازرگانیی هەرێمی کوردستان | بەڵێ | ٢ | ٢٢%٢ | دووەم |
| | نەخێر | ٧ | ٧٧%٧ | یەکەم |

- وەك لەخشـــتەی(8)دا دیـاره، وەڵامی(نـەخێر)،(7)جـار دووبارە بۆتەوەو ڕێژەی(77%7)ی مشتەی توێژینەوەکەیە کە بریتییە لە ئەزموونی کۆمپانیاکانی قەیوان، ئاسیاسێل، کۆڕەك، دیوان، بەمۆ، دۆلفینC. وەڵامی(بەڵێ)یش(2)جار دووبارە بۆتـەوەو تـەنها ڕێژەی(22%2)ی مشتەکەیە کە دەربڕی ئـەزموونی هـەردوو کۆمپانیـای ئـاوی سـلێمانی و نەورەس-هـ.
- ئەم ئەنجامە، دەرخەری ئەوەیە کە کەناڵە ئاسمانییەکان ئەو ڕێکارەیان بۆ(77%7)ی کۆمپانیاکان نەگرتۆتەبەر.

هـ. خشـتەی(9): ڕێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیاکاندا کە ڕوماڵێکی تەلـەفزیۆنی نەکـەن زیـانی مەعنـەویی بـۆ کۆمپانیاکـان هەبێت.

| برگەو هاوکێشەی ژمێرەیی / مشتەی توێژینەوە | وەڵام | دووبارەبوونەوەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| (٩) کۆمپانیا بازرگانیی هەرێمی کوردستان | بەڵێ | ٢ | ٢٢%٢ | دووەم |
| | نەخێر | ٧ | ٧٧%٧ | نەخێر |

- وەك لەخشتەی(9)دا دەبینرێت، وەڵامی(نـەخێر)،(7)جار دووبارە بۆتـەوەو ڕێژەی(77%7)ی مشـتەی توێژینەوەکە پێکـدێنێت کـە دەربـڕی ئـەزموونی کۆمپانیاکـانی ئـاوی سلێمانی، قـەیوان، دۆلفـین C، دیوان، نەورەس، سـەفرە-یـە، وەڵامی(بـەڵێ)یش تـەنها(2)جـار دووبـارە بۆتـەوەو ڕێـژەی(22%2)ی مشـتەکەیە کـە بریتییـە لـە ئـەزموونی کۆمپانیاکانی بەمۆ و کۆڕەك تلیکۆم.
- ئـەم ئەنجامـە، واتـای ئەوەیـە کەناڵـە ئاسـمانییەکان لەبەرامبـەر(77%7)ی کۆمپانیاکاندا،پـەنایان بـۆ ئـەم ڕێکارییە نەبردووە.

18) **سـەبارەت بـەوەی، ئایا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان هیچ ڕێکارێکی تریان لەبەرامبەر کۆمپانیاکاندا گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی بەبازاڕکردنی بازرگانی لە فەیسبوکدا کاریگەریی لەسـەر داهـاتی ڕیکلامیـان نـەبێت؟** بـە(7)جـار دووبارەبوونـــەوەو بـــە ڕێـــژەی(77%7)ی کۆمپانیاکـــان ئەزموونیان ئەوەیە کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان هیچ ڕێکارییـەکی تریـان نەگرتۆتەبـەر. بـۆ نموونـە کۆمپانیـای تامیخۆش/نـەورەس جـەخت لـەوە دەکاتـەوە کـە لـەو بارەیەوە هیچ پێشنیارێکی تریان لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە بـۆ نـەهاتووە. لـە بەرامبـەردا بـە تـەنها0(2)جـار دووبارەبوونـەوەو بـە ڕێـژەی(22%2)ی کۆمپانیاکـان کـە دەربڕی ئەزموونی کۆمپانیاکانی بەمۆ و قەیوان-هـ، ئاماژە بە ڕێکاری تری کەناڵە ئاسمانییەکان دەکەن بۆ ئەوەی ڕیکلامیان لەلا بکەن. بۆ نموونە کۆمپانیای بەمۆ دەڵێت هەندێ لەو کەناڵە ئاسمانییانە کە بینەریان کەمیکردووە ئۆفـەری دیارییـان خسـتۆتەڕوو، کۆمپانیـای قـەیوان-یـش هێما بۆ سەردانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکات بۆ لایان و هـەوڵیان لـە ڕێی پەیوەندییەکانیانـەوە بـۆ ئـەوەی ڕیکلامکردنی کۆمپانیاکان لەگەڵیاندا بەردەوام بێت.

19) **سـەبارەت بـە کارلێـك و پەیوەنـدیکردنی کڕیـاران بـە کۆمپانیاکانەوە، ئایا زیاتر لە ئەنجامی بەرکەوتنیانەوەیە بـۆ ئـەو ڕیکلامانـەی کـە کۆمپانیاکـان لـە تـۆڕە**

**کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیکەن، یان ئەو ریکلامانەی کە لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە بڵاوی دەکەنەوەو هۆکار چییە؟،** بە(8)جار دووبارەبوونەوەو بە رێژەی(88%8)ی مشتەی توێژینەوەکە، ئەزموونیان ئەوەیە کە کارلێك و پەیوەنیکردنی کڕیاران بە کۆمپانیاکانیانەوە سەبارەت بە کاڵاکانیان، زیاتر بەهۆی بەرکەوتنی کڕیارانەوەیە بەو ریکلامانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوکدا دەیکەن. لەم رووەوە، کۆمپانیای سەفرە بە زمانی رێژە گوزارشتی لێدەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە (60%)ی کڕیاران بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوکەوەیە کە پەیوەندییان پێوە دەکەن و(40%)یشیان بەهۆی ریکلامەکانیانەوەیە لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا. کۆمپانیای قەیوان ئەوە بیردەخاتەوە کە بەبازاڕکردنیان بەهۆی فەیسبوك و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە کاریگەریی زۆرترە، چونکە بەبازاڕکردن لەو تۆڕانە زیاتر دەگاتە ناو خەڵك و دەرفەتی بینینەوەشی لە کاتە جیاوازەکاندا زۆرترە. کۆمپانیای دیوان ئەزموونی وایە کە زیاتر بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە، هۆکارەشی ئەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بینەری کەناڵە ئاسمانییەکان کەمبوونەتەوە. لەسەر ئەم پرسە، بە تەنها(1)جار دووبارەبوونەوەو بە رێژەی(11%1)ی مشتەی توێژینەوەکە کە دەربڕی ئەزموونی کۆمپانیای بەمۆ-یە، ئەزموونێکی جیاواز هەیە. بەمۆ، بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە کردوویانە بۆیان دەرکەوتووە کە کڕیار متمانەی زیاتر بەو ریکلامانەیە کە لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە بڵاودەبنەوە، بەڵام کۆمپانیاکە وای دەبینێت کە کڕیارەکان ئێستا کەمتر سەیری کەناڵە ئاسمانییەکان دەکەن و بە رێژەی(78%) سەیری کەناڵە ناوخۆییەکان دەکەن.

## تەوەری سێیەم: هەڵهێنجراوەکانی توێژینەوە:

### یەکەم: دەرەنجامەکانی توێژینەوە:

دوای خستنەڕووی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانی/ پراکتیکی توێژینەوەکە بە شێوەی لۆژیکی و خشتەبەندو ژمێرەیی و ئاماری کە گوزارشتە لە وەڵامی(9) کۆمپانیای بازرگانی هەرێمی کوردستان بۆ پرسیارەکانی ئامرازی چاوپێکەوتن لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر بەم دەرەنجامانەی لای خوارەوە گەیشتووە:

1) دەرەنجامەکان پەیوەست بە دیدی کۆمپانیا بازرگانییەکانی مشتەی توێژینەوەکە بۆ بەبازاڕکردنی بازرگانی لە فەیسبوکدا:

**1-1:** بەدیدی تەواوی کۆمپانیا بازرگانییەکان بەبازاڕکردنی بازرگانی لە فەیسبوك، بۆتە دیاردەو توانیویەتی فۆرمەکانی ناوەڕۆك وەك دەنگ، ڤیدیۆ، دەق، گرافیك، ئەنیمەیشن، فۆتۆ، GIF، لە پەیامە ریکلامییەکانیدا بەکاربهێنێت.

**2-1:** بەدیدی زۆربەی کۆمپانیاکان،بەبازاڕکردنی بازرگانی لە فەیسبوکدا جەماوەرێکی ئەکتیڤی هەیەو بە بەراورد بە قۆناغی سەرهەڵدانی، زیادی کردووەو بۆتە ئامرازێکی بەبازاڕکردنیش بۆ ناساندنی پرۆژە بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

**3-1:** دیدی تەواوی کۆمپانیاکان ئەوەیە کە تایبەتمەندیی بەبازاڕکردنی بێبەرامبەر/بێ سپۆنسەر لە فەیسبوکدا سوودی خۆی هەیە، بەتایبەتی بۆ پرۆژە بازرگانییە بچووکەکان، تێچووی بڵاوکردنەوەی ریکلامیش لەبەرامبەر بڕێك پارەدا(الإعلان المدفوع/Sponsor) بە بەراورد بە تێچووی ریکلامکردن لە کەناڵە ئاسمانییەکان، کەمترە.

**4-1:** تەواوی کۆمپانیاکان، بەتایبەتمەندیتی کارلێککاریی(التفاعلیة) بەبازاڕکردن لەفەیسبوك ئاشنان و بە گرنگ دەزانن، بەتایبەتی کە دەتوانرێت وەڵامی کۆمێنتەکانی بەکارهێنەری فەیسبوك بدرێتەوەو زانیاریی زیاتری لەبارەی بەرهەمەکانەوە پێبدرێت، تایبەتمەندیی دەستنیشانکردنی پێشوەختەی جۆر، قەبارە، رێژە، تەمەن_ی جەماوەری بەئامانجکراویش، بەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی بەبازاڕکردنی بازرگانی دەزانن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا.

**5-1:** بەدیدی زۆربەی کۆمپانیاکان، ئەو داتایانەی کە فەیسبوك لەبارەی بەکارهێنەرانی و پێویستی و ئارەزووەکانیانەوە دەیانخاتە بەردەستیان و بە خواست و پێویستییەکانی کڕیارانییان ئاشنا دەکات، تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگە. ئەوە ئەسەلمێنن کە فەیسبوك بواریش دەدات پەیامە ریکلامییەکانیان، بەبێ بەرامبەر، دووبارە بکرێنەوە، بەتایبەتی کە بینینەوەیان لە ژێر کۆنترۆڵی بەکارهێنەری فەیسبوك خۆیدایە.

**6-1:** بەدیدی زیاتر لە نیوەی کۆمپانیاکان، هەموو کۆمپانیایەك دەتوانێت لەیەککاتدا بەبازاڕکردنی بازرگانی لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لەکەناڵە ئاسمانییە بەناوبانگەکانیشدا بکات، بابەتەکە پەیوەندی بە بودجەو ئامانجەکانی کۆمپانیاکەوە هەیە، نزیکەی نیوەی کۆمپانیاکانیش هاودیدن لەسەر ئەوەی بژاردەی گونجاوی کۆمپانیاکان زیاتر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، چونکە کەناڵەکان بینەریان کەمبۆتەوە.

**7-1:** زۆربەی کۆمپانیاکان لەسەر ئەوە دیدە کۆکن کە بەبازاڕکردن لە فەیسبوك و ئەو هەموو تایبەتمەندییەی کە هەیەتی و برەوسەندنی، دڵەڕاوکێی بۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دروستکردووە، تایبەتمەندیی ریکلامە بێبەرامبەرەکانیشی و کەمیی تێچووی ریکلامە سپۆسەرکراوەکانی، کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی داهاتی ریکلامی کەناڵە ئاسمانییەکان هەیە.

2) دەرەنجامەکان پەیوەست بە ئەزموونی کۆمپانیا بازرگانییەکانی مشتەی توێژینەوەکە لەگەڵ کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکاندا لە سایەی دیاردەی بەبازاڕکردنی بازرگانی لە فەیسبوکدا:

**1-2:** نزیکەی نیوەی کۆمپانیاکانی مشتەی توێژینەوەکە ڕێژەی ڕیکلامکردنیان لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا کەمکردۆتەوە، نیوەشیان ڕێژەکەی وەك خۆیەتی، تەنها یەك کۆمپانیا ڕێژەی ڕیکلامکردنی لە کەناڵەکاندا زیاد کردووە.

**2-2:** نزیکەی نیوەی کۆمپانیا بازرگانییەکان نرخی ڕیکلامکردنیان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بۆ کەم کراوەتەوە، زیاتر لە نیوەشیان وەك خۆیەتی و کەم نەکراوەتەوە.

**3-2:** ڕێکارییەکانی وەك ڕیکلامکردن بۆ کۆمپانیاکان بە قەرزی درێژخانەیەن، باشکردنی کوالیتی دەرهێنانی هونەری بۆ ڕیکلامەکانیان، ڕووماڵنەکردنی هەر هەواڵێك کە زیانی بۆ کۆمپانیاکان هەبێت، بەهیچ جۆرێك لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە، ئەنجام نەدراوە.

**4-2:** ڕێکارییەکانی وەك ڕیکلامکردن بۆ کۆمپانیاکان بە شێوازی قیست، هەڵی داشکاندن، زیادکردنی جارەکانی دووبارەبوونەوەی ڕیکلام بۆ بەرهەمی کۆمپانیاکان لەماوەی 24 کاژێری پەخشی کەناڵدا، لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە، گیراوەتەبەر.

**5-2:** کارلێك و پەیوەندیکردنی کڕیاران بە زۆربەی کۆمپانیاکانەوە سەبارەت بە بەرهەم و کاڵاکانیان، زیاتر بەهۆی بەرکەوتنی کڕیارانەوەیە بەو ڕیکلامانەی کە کۆمپانیاکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لەبابەت فەیسبوك دەیکەن زیاتر لەو ڕیکلامانەی کە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە ئەنجامی دەدەن.

## دووەم: ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە بەردەم کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەبازاڕکردنی بازرگانیی کۆمپانیاکانی هەرێم لەلایان پاشەکشە نەکات:-

- بایەخدان بە پەیوەندییەکی تونودتۆڵ لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانییەکانداو سەردانیکردنیان بۆ نیشاندانی بایەخی کەناڵەکان بە پێویستی و خواستە بازاڕگەرییەکانی ئەو کۆمپانیایانە.
- داهێنانی ڕێکاری نوێ و پێشنیاری Offer جیاواز بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامی کۆمپانیا بازرگانییەکان لەگەڵیاندا لەڕووی بازاڕکردن و ڕیکلامکردنەوە.
- گرتنەبەری ڕێکاری ڕیکلامکردن بۆ هەموو کۆمپانیا و پرۆژە بازرگانییەکان بە شێوازی داشکاندنی نرخ بۆیان.

## سێیەم: پێشنیازەکان:

لەسەر بنەمای دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر پێشنیازی ئەنجامدانی توێژینە لەم بوارانە بۆ توێژەرانی دیکە دەکات بۆ ئەوەی ڕەهەندەکانی تری بەبازاڕکردنی بازرگانی لە کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا بکەن:-

- توێژینەوە لەبارەی(سەرچاوەکانی تری داهاتی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان)، چونکە ڕیکلام تەنها یەکێکە لە سەرچاوەکانی داهاتی ئەو کەناڵانە.
- توێژینەوە لەبارەی(کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەك ئینستاگرام Instagram و تیکتۆك Tik Tok لەسەر داهاتی ڕیکلامی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان)، چونکە ئەو دوو تۆڕەش شانبەشانی فەیسبوك بوونەتە بژاردەی تری کۆمپانیا بازرگانییەکان بۆ بەبازاڕکردنی بازرگانی.

## سەرچاوەکان:


1. -صابر، ظاهر حمد أمین،(2014ز)،(ڕۆڵی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی لەهاندانی ڕەفتاری بەکاربەر بۆ کڕینی کاڵا)، ماستەرنامەیەکە لەبواری زانستی ڕاگەیاندندا، پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەڵاحەدین کراوە، هەرێمی کوردستان- هەولێر.
2. عەبدوڵڵا،عەدالەت،(تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەهەندە بازرگانییەکانیان)،(کوردستانی نوێ)،ژمارە:(8525)، 2021/12/1ز.
3. عومەر، هیوا محەمەد، (بەڕێوەبەری بەشی بەبازاڕکردن) لە کۆمپانیای بازرگانیی بەمۆ، چاوپێکەوتنێکە کە توێژەر لە ڕۆژی 2022/9/8ز، لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، هەرێمی کوردستان – سلێمانی.
4. سلێمان، حاجی عوبێد ئەحمەد،(بەڕێوەبەری گشتی) لە کۆمپایای گروپی دیوان، چاوپێکەوتنێکە کە توێژەر لە ڕۆژی 2022/9/10ز، لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، هەرێمی کوردستان – سلێمانی.
5. ڕەزا، شاخەوان حەسەن، ( بەڕێوەبەری بەبازاڕکردن)، لە کۆمپانیای تامی خۆش/نەورەس، چاوپێکەوتنێکە کە توێژەر لە ڕۆژی 2022/10/22ز، لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، هەرێمی کوردستان – سلێمانی.
6. حسێن، دارا عەلی، ( بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا) لە کۆمپانیای دۆلفین c، چاوپێکەوتنێکە کە توێژەر لە ڕۆژی 2022/10/10ز، لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، هەرێمی کوردستان – سلێمانی.
7. حەمە ئەمین، پێشین ناصح، (بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و ڕیکلام) لە کۆمپانیای ئاڵا/ئاوی سلێمانی بۆ خواردنەوە گازییەکان و بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی، چاوپێکەوتنێکە کە توێژەر لە ڕۆژی 2022/10/13ز، لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، هەرێمی کوردستان – سلێمانی.
8. سدیق، دیار محەمەد، (بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و ڕیکلام) لە کۆمپانیای سەفرە، چاوپێکەوتنێکە کە توێژەر لە ڕۆژی 2022/10/13ز، لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، هەرێمی کوردستان – سلێمانی.

9. کەمال، دلێر، (بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندن) لە گرووپی کۆمپانیاکانی قەیوان ، چاوپێکەوتنێکە کە توێژەر لە ڕۆژی 2022/9/7ز، لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، هەرێمی کوردستان – سلێمانی.
10. فالح، عومەر، (بەڕێوەبەری بەشی بەبازارکردن)، لە کۆمپانیای ئاسیاسێل، چاوپێکەوتنێکە کە توێژەر لە ڕۆژی 2022/9/16 لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، هەرێمی کوردستان – سلێمانی.
11. محەمەد، هۆگر،(لێپرسراوی بەشی بەبازارکردن)، لە کۆمپانیای کۆرەك تلیكۆم، چاوپێکەوتنێکە کە توێژەر لە ڕۆژی 2022/9/15 لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، هەرێمی کوردستان – سلێمانی.
12. أبو طعيمة، حسام فتحي,(2008م)، (الإعلان و سلوك المستهلك: بين النظرية والتطبيق)، الأردن – عمان.
13. إسماعيل، إبراهيم، (2017)، (مناهج البحوث الإعلامية)، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة- مصر.
14. جودة، محفوظ، وآخرون، (2008م)،(منظمات الأعمال، المفاهيم والوظائف)، ط2، دار وائل للنشر، الأردن- عمان.
15. الحديدي، منى – مكاوي، عماد،(2005م)،(الفضائيات العربية و متغيرات العصر)، الدار اللبنانية، مصر- القاهرة.
16. الدليمي، عثمان محمد،(2020م)،(مواقع التواصل الإجتماعي- نظرة عن قرب)، دار الغيداء للنشر، الأردن-عمان.
17. ريان، محمد سيد، (2012م)، (الإعلام الجديد)، مركز الأهرام للنشر والترجمة والتوزيع، القاهرة.
18. الزعبي، علي فلاح،(2013م)، (إدارة التسويق)، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، الأردن – عمان.
19. الصميدي، محمود جاسم- يوسف، ردينة عثمان،(2006م)، (إدارة التسويق- مفاهيم و وأسس)،دار المناهج، عمان.
20. عبدالله، مجدي محمد، (2014م)، (السويق الألكتروني الفعال)، ماهي للنشر والتوزيع، الأسكندرية، مصر.
21. العديلي، مبروك، (2015م)،(التسويق الإلكتروني)، دار أمجد للنشر والتوزيع، عمان.
22. عزام، زكريا أحمد، وآخرون،(2015م)،(مباديء التسويق الحديث- بين النظرية والتطبيق)، ط 6، دار المسيرة، عمان.
23. كورنـــل،جون،(1999)،(التلفزيون والمجتمع)،ت:أديب خضور،المكتبة العامة،دمشق.
24. كولز، ليندا، (2016م)،(التسويق عبر وسائل التواصل الإجتماعي)، دار الفجر للنشر والتوزيع، مصر – القاهرة.
25. نجم، طه عبدالعاطي،(2015م)، (مناهج البحث الإعلامي)، دار كلمة للنشر والتوزيع، مصر– الأسكندرية.
26. اليماني، غادة عبدالتواب،(2015م)،(التسويق المعاصر وفن الإتصال بالجماهير)، دار المعرفة الجامعية، مصر- طنطا.
27. كريم،سەركەوت ويسي،(إتجاهات الجمهور نحو الإعلان التلفزيوني في القنوات الفضائية الكوردية بإقليم كوردستان العراق)،رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى قسم الإعلام – كلية الآداب، جامعة المنصورة، 2017، مصر، المنصورة.
28. زين الدين، محمد جياد،(إتجاهات الشباب الجامعي نحو إعلانات شركات الهاتف المحمول في مواقع التواصل الاجتماعي- الفيس بوك إنموذجا)، مجلة (الباحث الإعلامي)، المجلد(10)، العدد(40) لعام 2018م، جامعة بغداد، كلية الإعلام، بغداد.
29. بلتاج، سعاد محمد،(حوافز التسويق التجاري "الهدايا التسويقية نموذجا " دراسة فقهية مقارنة)، حولية كلية الدراسات الإسلامية والعربية للبنات بالأسكندرية، جامعة الأزهر، العدد(35)، سبتمبر 2019م، الأسكندرية.
30. عبدالأمير، علي عبدالهادي،(2014م)، (الإعلان على مواقع التواصل الإجتماعي- الفيس بوك أنموذجا)، الجامعة المستنصرية- كلية الآداب، مجلة آداب المستنصرية، العدد:(67)، العراق، بغداد.
31. -فريق التحرير، (طرق التسويق على الفيس بوك)، تاريخ البحث عن الموضوع 8-1-2022، الرابط: https://tawasulforum.org/article/digital-marketing/%d8%b7%d8%
32. -الحامد، رامي، (32023م)، (الفرق بين المؤسسة والشركة)، موقع المحامي رامي الحامد، السعودية، تاريخ البحث عن الموضوع:10-1-2023، الرابط: https://www.bestlawyerjeddah.com/%D8%A7
33. -فريق التحرير، (أنواع الإعلانات على الفيسبوك Facebook Ads)، 27 نوفمبر 2021، موقع: تواصل- منتدى للتسويق والإعلام الرقمي، تاريخ البحث عن الموضوع: 5-2-2022، الرابط: https://tawasulforum.org/article/digital-marketing/https-tawasulforum-org-article-digital-marketing-
34. -نور، محمد، (التسويق عبر الفيسبوك- دليلك الحصري الشامل 2021)، موقع الرابحون، 31اكتوبر، 2021، تاريخ البحث عن الموضوع: 5-2-2022، الرابط/ https://www.alrab7on.com/facebook-marketing/
35. -كميل، مجدي، (ماهو متجر فيسبوك وكيف تبيع و تربح من خلاله 2022؟)، موقع: الرابحون، 24 يناير 2022، تاريخ البحث عن الموضوع: 5-2-2022، الرابط: https://www.alrab7on.com/facebook-marketplace-what-you-
36. -يوسف، محمد، (التسويق المجاني عبر جروبات الفيسبوك من الألف للياء)، 6 حزيران 2018م، تاريخ البحث عن الموضوع: 1-3-2022، الرابط: -https://expandcart.com/ar/21570
37. فريق العمل، (الإعلانات في الفيسبوك وأساسيات إستخدامها)، موقع (التواصل- منتدى التسويق والإعلام الرقمي)، 20 اكتوبر 2020م، تاريخ البحث عن الموضوع 5-3-2022، الرابط: https://tawasulforum.org/article/digital-marketing/social-media-marketing/%d8%a7%d9%84%d8%a5
38. Mandell, Maurice. I- - Rosenberg, Larry, (1981),(Marketing K2 ads)..Prentice – Hall Inc. Engle Wood Chiffs, New Jersey, USA.
39. ADEREMI,ADEKUNLEADENIYI,(2015),(Effectiveness of Facebook as an advertising medium among university students), Master's thesis submitted to graduate school of social sciences marketing department, The message is posted on this website: http://docs.neu.edu.tr/library/6348544500.pdf.
40. Advertising, (2023), Britannica site, link: https://www.britannica.com/topic/advertising